# ئایا ئێمە لە سەردەمی نیهیلیزمدا دەژین؟

مەسعوود بابایی

لە نیهیلیزمدا، سەرەتا بەخۆداشکانەوە و پاشان بێزاری لە شیرازە و سیستمی هەنووکەییی جڤاکی و فەرهەنگی و سیاسی دێتە ئاراوە و دواتر بێتوانایی لە لێکدانەوەی بەهاکان لە زەین و بیروهۆشدا تەشەنە دەکات و سەرەنجام لەهەمبەر هەموو ئەو شتانەی کە هەن کینە و دڕدۆنگی لە ناخدا کەڵەکە دەبێت. لە نیهیلیزم یان هیچگەراییدا نەمانی ئامانجی جڤاکی، بێپێوەری و نەمانی پارسەنگ و نەبوون و لەدەستدانی پێنوێن(ئێندێکس) و تەرازوویەک بۆ هەڵسەنگاندنی کاروبارەکان دێتە گۆڕێ. دەبێ لە جڤاکە سەرەتایی‌یەکاندا پەیجۆری چاوگەی نیهیلیزم بکەین کە بریتین لە وازهێنان لە دنیا، خۆفەرامۆشکردن، گوێنەدان و کەمتەرخەمی و بێباوەڕی بە ئامانجداربوونی جیهان کە بێتوانایی زەینی و هزریی مرۆڤی لێ دەکەوێتەوە.

**بەرایی**

ئایا لەمەڕ بارودۆخی جڤاکی - سیاسیی کورد ئەم پرســیارە ڕەوایە کە ئێمــە بە «نیهیلیزم» گەیشتووین؟

ئەگەر «بنبەست» هەستی «هەڵپەسێردران» لە ناخماندا دروســت بــکات و ببێتە مایەی هەســتکردن بە «هیچ» دەتوانین بڵێین ئێمە کەوتووینەتــە دۆخێکــی نیهیلیســتییەوە؟ قۆناخەکانی گەیشتن بە دۆخێکی نیهیلیستی دەبێ چی بن تا کورد هەست بە «هیچبوون» بکات؟ ئایا پرسیارە بێوەڵامەکانمان یان ڕێگە هەڵەکانی سیاسەت یان «بنبەستی فەرهەنگ» ئێمەی گیرۆدەی دۆخێکی وەها کردووە؟ ئایا نیهیلیزم «سیفری بێبڕانەوە»یە؟

بارودۆخێک کە مرۆڤێکی خۆراوایی تووشی «هیچگەرایــی» دەکات، بەدڵنیاییەوە گەلێ جیــاوازە لە بارودۆخێک کــە دەکرێ مرۆڤی کورد تووشی ببێت. بەراوردی ئەم دوو دۆخە ژیرانە نییە و ڕەنگە گەلێ ســاویلکانەش بێت. دەکرێ هەندێ بــارودۆخ و هەلومەرج هەبن کە لەگەڵ ئەوەی هاوشێوە نین بەرەنجامێکی هاوشێوەیان لێ بکەوێتەوە.

دەفری کات و شوێن و سەردەم ڕێگەمان پێ نادات کە پێوەری مەزندە و پێشــبینیی نیهیلیزمــی ئەورووپایــی - بەو چەشــنەی نیچــە لێی دەدوێــت - بکەین بــە پێوەری نیهیلیزمێــک کە خەریکە لە کۆمەڵگەکەماندا دەنگی دەبیســتین. «نیهیلیزمی ئەورووپایی» بــە دارمانــی یەزدانناســی و میتافیزیــک یەکەمیــن هەنگاوی نــاوە. ســێکۆلاریزم و لائیســیتێ پەنجــەرەی جیهانێکــی نــوێ بەڕووی مرۆڤــدا دەکەنەوە. «جیهانناســیی» ســەردەمی پاش ســەدەکانی نێوەڕاســت و ڕوانگــەی «زانســتگەرایانە» گۆڕانکارییەکــی قووڵی لە بیروهۆشــی مرۆڤــی ئەورووپاییدا هێنایە ئاراوە. ئــەم گۆڕانکارییانە بەرەنجامی دۆزینــەوە زانســتییەکان بوون کە شــێوەی جیــاوازی ڕوانین لە «بوون» و «گەردوون»یان هێنایە کایەوە و «ئاکامناســیی»(Teleology) یەزدانناسیی مەسیحی لە سایەی سێکۆلاریزم (ئەمدنیاییگــەری) لە سیاســەتدا چی دیکە لە خولگەی «شــاری خودا»دا نەدەسووڕایەوە، بەڵکو وردە وردە سیاســەت وەک زانســت و «هونــەری لواو» لــە چوارچێــوەی جوگرافیا و نەتــەوەدا «گەلــی جیهانیی مەســیحی» هەڵوەشــاندنەوە. گۆڕانــی «جیهانناســیی» مەسیحی و ڕوانگەی زانستییانە بۆ گەردوون و جیهان، «یەزدانناســیی مەســیحیی» باوی سەردەمیشــی لە پەلوپۆ خســت. وردە وردە داروینیــزم و تیۆریــی «فراژووتــن» گورزی گورچکبــڕی لە «جیهانناســیی مەســیحی» وەشــاند. ڕێنێســانس، دۆخێکــی تێپەڕینی ڕەخســاندبوو کــە گەڕاندنــەوەی مرۆڤــی ئەورووپاییی بۆ ســەدەکانی نێوەڕاست نەلواو دەکرد. مرۆڤێکی ئەمدنیایی کە دەبوو ئاسۆکانی بەختەوەری لەم جیهانەدا بەدی بکات و خۆی داڕێژەری ئاواتەکانی بێت. هەر بۆیە «یۆتۆپیای ئەمدنیایــی» لەجێی «بەهەشــتی بەڵێندراو» ئاســۆیەکی نوێی بەرووی مرۆڤــدا کردەوە و وردە وردە «ئاکامــی جیهان» بەشــێوەیەکی دیکە پێناســە کرا. دەبوو «ئاکامناســییەکی نــوێ» ســەرهەڵبدات و ئــەم جارەیــان لە «زانســتگەرایی»دا خۆی بنوێنێت. سەردەمی شۆڕشە زانستییەکانیش هیوای «خۆشبژیوی» و «تەمەندرێژیــی» بووژانــدەوە. «پزیشــکی» وەک زانســتی «هیوای ژیان» خەیاڵی نەمریی بە زەینــی کۆمەڵانی خەڵکــدا ڕادەبووراند و شاگەشکەیی و خولیاگراوییەکی بەگوڕوتینی دەگەشــاندەوە. دواجــار «دەروونشــیکاری»، لێکدانەوەی خەونەکانیشی - کە پێشتر وەک نیشانەناســیی جیهانێکی ئەودیو ئەم جیهانە لێک دەدرایەوە - لەبەریەک هەڵوەشــاندەوە و بەم چەشــنە «دنیا و دنیاگەرایی» مرۆڤێکی هەڵپەسێردراوی پڕ لە پرسیار و پڕ لە گومانی ئافراند کــە «ترس و نیگەرانی و پەرۆشــی» چاڵێکی ڕەشــیان پێ نیشــان دا کە هەمان

لانکەی ڕاژەنینی نیهیلیزم بوو!

## نیهیلیزم چییە؟

نیهیلیزم لە وشەی لاتینی nihil بە واتای «پووچ» [یان هیچ] وەرگیراوە، هێما بە هیچێتی دەکات؛ بە واتای نکۆڵی و بەرتەکدانەوەی هەموو جۆرە مانا و بایەخ و بەهایەک بۆ جیهانە. بۆ یەکەم جار «گورگیاس» کە لە سەدەی پێنجەمی پێش زایین دەژیا، لەم بارەوە دواوە. زاراوەی نیهیلیزم لە لایەن فرێدریش هاینریش یاکوبی (١٧٣٤ – ١٨١٩) لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەوە داڕێژرا و لە ئەدەبیاتی فەلسەفیی جیهاندا بەکار هێنرا.[١] بەڵام فرێدریش نیچە، ئەم هزرەی پەروەراند و لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا کەڵکی لەم زاراوەیە وەرگرت.[٢]

نیهیلیزم دەربڕی فۆرمێکی تایبەت لە پۆزەتیڤیزم و ماتریالیزمە. شۆڕشێک دژی شیرازەی هەنووکەییی جڤاکی و دژایەتی لەگەڵ هەموو سەرچاوەکانی دەسەڵات و هێزی وەبارهاتوو لە حکومەت، کڵێسە یان ماڵبات و خێزان. بناخەی ئەم باوەڕە لە ڕاستییە زانستییەکاندا پەیجۆر دەکرێت. لەو ڕووەوە کە نیهیلیستەکان، بڕوایان بە چییەتیی دووانیی جەستە و ڕۆح بۆ مرۆڤ نەبوو، لە لایەن کڵێسەوە ڕاودوو نران. لە لایەکی دیکەوە لەبەر ئەوەی لەگەڵ دەسەڵاتی پادشاکانیشدا ناکۆک بوون لەتەک سێکۆلارەکانیشدا تووشی ململانێ بوون.

نیهیلیزم بێجگە بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی کە هەر جۆرە «ئاکام»ێک بۆ جیهان ڕەت دەکاتەوە، لە باری ڕەوشتییشەوە نیچە گوتەنی: «بێبەهاکردنی هەموو بەهاکان»ە و سەرچاوەی میتافیزیکی و دینیی ڕەوشتیش بەرتەک دەداتەوە. ڕەنگدانەوەی نیهیلیزم لە ئەدەبیاتی جیهانییشدا دەتوانین پەیجۆر بکەین: وەک «کافکا» و «کامۆ». هیچگەراییی بوونەکی (Existential Nihilism)، تیۆرییەکی فەلسەفییە کە دەڵێ «ژیان هیچ واتا و بایەخێکی خۆیەکیی نییە.» داڕمانی دیزاینی یەزدانناسانەی جیهان و هەرەسهێنانی «جیهانی ئەودیوەکان» بۆشایی یان «هیچێتی» دروست دەکات.

ئەم پرسیارە کە ئایا نیهیلیزم قۆناخێکی نێوان دوو جەنگ یان قۆناخی پاش جەنگی دووەمی جیهانی بوو کە «ئاشوڤیتس» و «هۆلۆکۆست» و «داخائۆ»، مرۆڤی ئەورووپاییان لە باری دەروونی و هزرییەوە هەڵپەسارد و ترسی هەمیشەییی لە نازیزم و فاشیزم و تۆتالیتاریزمی لە یادگەی ئەورووپیدا چەسپاند، قۆناخێکی بەسەرچوو و تێپەڕیوە، وەڵامێکی نیوەناچڵ یان بێوەڵامی هەیە!

نیچە، لە سەدەی نۆزدەیەمدا، نیهیلیزم بە «نەخۆشیی دووسەدەی داهاتوو» لەقەڵەم دەدات؛ نەخۆشییەک کە ڕەنگە جاروبار لە سەدەی بیستەمدا هەم وەک دەرد و هەم وەک دەرمان بەکەڵک هاتبێت. «چێژگەرایی»(هایدۆنیزم)، دەرمانی «ئەپیکۆر» بۆ «دەردی «گورگیاس»!

ئایدیۆلۆژیاکان کە سەردەمانێک وەک «نەخشەی جیهانی نوێ» لە پاش داڕمانی جیهانی کۆن، توانییان بەسەر «نیهیلیزم»دا زاڵ ببن، لە نێوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەدا بنەماکان و یۆتۆپیای خۆیان داڕشت و لە سەدەی بیستەمدا بەشێکی زۆریان تاقی کرانەوە و «چاڵێکی ڕەش»یان لێ بەجێ ما کە چاوی واقوڕماوی مرۆڤی سەدەی بیستەم و سەدەی بیست و یەک بە حەپەسان و ترسەوە تا ئێستاش لێی دەڕوانێت!

## نیهیلیزمی کامۆیی:

«ئۆدیپی پاشا»- داهێنراوی سۆفۆکلیس - پاش ئەوەی کە زانیی کە دایکی خۆی مارە کردووە، چاوەکانی خۆی کوێر دەکات ... پاش ئەو تاوانە و پێشێلکردنی بەهاکان، ئیدی جیهان بە هۆی ئەو پەڵەی شەرمەوە نابێ ببینرێت!

«کالیگۆلا مرۆڤێکە کە تاسەی ژیان ئەو بۆ لەنێوبردنی ئەوانی دیکە هەڵدەخڕێنێت. ئەو کەسێکە کە هەندە شەیدای خۆیەتی کە هۆگری بە کەسانی دیکەی لە دەست داوە. ئەو نکۆڵی لە هەموو بەهاکان دەکات.»[٣]

لە «ئەفسانەی سیزیف»یشدا چەمکی بێهوودەیی «کار»ی مرۆڤی مودێرن لە پێوەندیگەلی بێبەزەیی‌یانەی «سەرمایە» و «پارە» بە کەڵکوەرگرتن لە ئوستوورەیەکی یونانی خراوەتە بەرباس. سیزیف لەبەر یاخیبوون لە خودای خوداکان واتە «زیۆس» ناچار کراوە بەوەی کە بەردێکی قورس بباتە سەر لووتکەی چیایەک. بەڵام هەرکە دەگاتە لووتکەی چیا، بەردەکە بە فەرمانی «زیۆس» تلۆر دەبێتەوە و دیسان «سیزیف» ناچارە بیباتەوە سەر لووتکەی چیاکە. لە ڕاستیدا ئەم کارەی سیزیف «بەرجەستەبوونەوەی پووچی»یە. بەرجەستەبوونەوەی «کار»ی مرۆڤی گیرۆدە لەنێو پێوەندییە هۆڤانەکانی سەرمایەداری و تووشبوون لە داوی «بۆرۆکراسییە». لێرەدا دەبێ سەرنج لە دژایەتیی بیروبۆچوونی کامۆ لەگەڵ ئێگزیستانسیالیستەکان بدەین کە دەڵێن مرۆڤ «بکەر»ە. هەڵبەت دیوێکی دیکەی ئەم تاریکییە، وەک کامۆ دەڵێ: «جوانیی ژیانە کە لە پاڵ گۆڕانکارییە گەمژانەکانی ژیانی ئەمڕۆیی و بوونبەیەتیی (صیرورة) بێماناوە، لەو دیوی پووچییەوە دەدەڵێنێت».

«کامۆ» سەرەڕای ئەم پووچییەی کە مرۆڤی ئەمڕۆیی تێی کەوتووە، تاکە ڕێگەچارە بە یاخیبوون لەم پووچییە ڕادەگەیەنێت. واتە دەربازبوون لە «بنبەست». لێرەوە جارێکی دیکە هاواری «نیچە» لە زاری کامۆوە دەبیستین کە «ویستی هێز» بە میکانیزمی زاڵبوون بەسەر «نیهیلیزم» دەزانێت، مرۆڤی یاخی دیوێکی دیکەی ئەم ویستی هێزەیە - بەشێوەیەکی کامۆیی - کە دەبێ سەرەڕای بێئاکامیی ژیان کام لەم ژیانە وەربگرێت و هەوڵ بدات مرۆڤانەتری بکاتەوە!

کامۆ، هزرەکانی خۆی بە دوو بێهیوایی دەست پێدەکات: «جڤاکی» و «ئایینی» و بە وەرگرتنی ئەزموونە ئێگزیستانسیالیستییەکان بە تونێلێک دەگات کە دیارییەکەی «پووچی»یە و بەبوێرییەکی ناوێزەوە دەچێتە نێو تونێلەکە. چونکە دەزانێت بۆ «ناسین»، وەپارێزی(موحافزکاری) ملۆزمە.[٤] ئیدی بۆ ڕزگاربوون لەم «پووچی»یە «مرۆڤی یاخی» دەئافرێنێت: دووانەی پووچی و جوانی!

## نیشانەناسیی نیهیلیزم:

لە نیهیلیزمدا، سەرەتا بەخۆداشکانەوە و پاشان بێزاری لە شیرازە و سیستمی هەنووکەیی جڤاکی و فەرهەنگی و سیاسی دێتە ئاراوە و دواتر بێتوانایی لە لێکدانەوەی بەهاکان لە زەین و بیروهۆشدا تەشەنە دەکات و سەرەنجام لەهەمبەر هەموو ئەو شتانەی کە هەن کینە و دڕدۆنگی لە ناخدا کەڵەکە دەبێت. لە نیهیلیزم یان هیچگەراییدا نەمانی ئامانجی جڤاکی، بێپێوەری و نەمانی پارسەنگ و نەبوون و لەدەستدانی پێنوێن(ئێندێکس) و تەرازوویەک بۆ هەڵسەنگاندنی کاروبارەکان دێتە گۆڕێ. دەبێ لە جڤاکە سەرەتایی‌یەکاندا پەیجۆری چاوگەی نیهیلیزم بکەین کە بریتین لە وازهێنان لە دنیا، خۆفەرامۆشکردن، گوێنەدان و کەمتەرخەمی و بێباوەڕی بە ئامانجداربوونی جیهان کە بێتوانایی زەینی و هزریی مرۆڤی لێ دەکەوێتەوە. گومانگەرایی پەرگیرانە لە هەمبەر هەموو شتێک و ڕق لە ژیانی جڤاکی، سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی و پەروەردەیی و بێهوودەییان، هەندێ چاوگی گوورانەکی(تکوینی) و هەوێنە سەرەتایی‌یەکانی نیهیلیزمن.[٥]

***

سەرهەڵدانی ئایدیۆلۆژی نەخشەڕێگەی جیهانێکی نوێ بوو. بانگەشەی ئایدیۆلۆژیاکان کە مزگێنیدەری جیهانبینییەکی زانستی و پەروەردەیی و ئامانج و ئاکامێکی نوێ

بـــۆ مرۆڤی مودێـــڕن و هاوچـــەرخ دەهێنن بۆ ماوەیـــەک توانی ســـەرهەڵدانی نیهیلیزم دوا بخات. ئـــەم هیوا تازانـــە بریتی بوون لە ناســـیونالیزم، لیبراڵیزم، نازیزم و فاشیزم کە نەتەوەکانیان بە مێژوویەکەوە دەبەستەوە کە پڕ لە ململانێی خوێنـــاوی بوو و گەڕانەوە بۆ مێژووی پڕشـــانازی، یۆتۆپیـــای ئەمدنیاییان دەســـازاند و کۆمەڵانـــی خەڵکیـــان دەکردە ســـەربازی ئـــەم یۆتۆپیایە. دوابـــەدوای ئەوە مارکسیزم لە سەنگەرێکی دیکەوە هیوایەکی دیکە بوو کـــە بە دژی ســـەرمایەداری قوت بوویەوە و کۆمۆنیزم و کۆمەڵگەی جیهانیی لە هاووڵاتیی جیهانیدا هێنایە کایەوە: ئەم ڕێبازە وردە وردە کەموکوورییەکانـــی دەرکەوتن کە بریتی بوون لە : ماشـــینیزم و ســـاینتیزم[۶] کە زانســـتگەراییی بـــە تەوەری ســـەرەکی دەزانی و تەنانەت لەنێو خۆیشیدا جۆرێک لە ناسیونالیزمی پاساو دەدا (بۆ نموونە سلاڤیزم) کە بە جەخت لەسەر ماتریالیزم و پێناسەیەکی چەقبەستوو لە «کار» و «بەرهەمهێنان» ئەویش تووشی جۆرێک لە یۆتۆپیانۆڕی بووا!

لـــە تەنیشـــت دارمانـــی یۆتۆپیـــای فاشـــیزم و نازیزم، «کـــۆلاگ» و «تاوانەکانی ســـیبریا» یۆتۆپیای کۆمۆنیزمـــی داڕووخاند. فەیلەســـووفانی چەپـــی مارکسیســـت بەناچـــار «ڕیڤیزیۆنیزم»یان بـــۆ دەربازبوون لە «بنبەســـت»ی سوســـیالیزمی زانســـتی هەڵبـــژارد و دواجـــار بـــۆ خوێندنەوەیەکی نوێـــی پـــاش جەنگـــی دووەمـــی جیهانی، ئەندامانـــی «قوتابخانەی فرانکفـــۆرت» لەم حەزیای مودێرنیتەیـــە ڕامان و ڕەخنەگرانە ئاســـۆکانی داهاتوویان ڕاڤە کرد. ئەو دۆخە نیهیلیســـتییەی پاش دوو جەنگی جیهانی پێویستیی بە شـــیکردنەوە و ڕاڤەیەکی نوێ بـــوو. لەو بروایـــەدام هەوڵەکانـــی مارکیۆزە لـــە «ئێرۆس و ژیـــار» و «مرۆڤی تاکرەهەند» ڕێگەیەکـــی قوتاربوون لەو «نیهیلیزم»ە بوون کە مرۆڤی ئەورووپایی تووشی بووبوو.

## پۆستمودێرنیزم و نیهیلیزم

پۆســـتمودێرنیتە لە ڕەخنـــەی مودێرنیتەوە دەست پێدەکات. لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا باسوخواس لە «بنبەستی مودێرنیتە» بووە مایەی ڕەوتێک کە بە «پۆستمودێرنیتە» ناسراوە. هەرچەند «مانیفێستی پۆستمودێڕن» لەبەرانبـــەر پـــرۆژەی مودێرنیتـــەدا ئـــەو هێـــزەی دەرکەوتنـــی نەبوو و تا ئێســـتاش نەیتوانیوە لەبەرانبـــەر مودێرنیتەدا بەرەنجامە بەرهەســـتەکییەکانی بەرچـــاو بـــن، بـــەڵام لێکەوتەکانی مودێرنیتە و بارودۆخی جیهانی مودێرن بەباشی لە لایەن پۆستمودێرنەکانەوە نیشـــان دراون و بەر نەشتەری ڕەخنە نراون. بیرمەندانێکی هەڵکەوتەی فەرەنســـیی وەک فۆکـــۆ و لیوتار و بۆردیـــار و هەروەها ڕیچارد ڕۆرتیـــی ئەمریکایـــی و ڤاتیمـــۆی ئیتالیایی ناســـێنەری پۆســـتمودێرنیتەن. هەڵبەت ئەم بیرمەندانـــە لەژێر کاریگەریـــی «هایدگەر»دا بوون و بەم شێوەیەش ناڕاستەوخۆ کاریگەریی نیچەیان بەسەرەوە دیار بوو، گەلاڵەی هزریی نیچـــە لەبارەی «نیهیلیـــزم»ەوە یارمەتییەکی زۆری گەشـــەی پۆستمودێرنیزمی دا و ئەوان لەبـــارەی چەمکانێکـــی وەک خـــودا، مێژوو، میتافیزیک و مرۆڤ گەلێ بنەواشـــەی نوێیان خســـتە ڕوو؛ بەتایبـــەت ڕەخنـــە لە چەمکی «هەقیقەت».

زاراوەی پۆســـتمودێرنیزم یەکەمجـــار لە لایەن ئارنۆڵد توین بی لە ١٩٣٩ بەکار هات. ئەم زاراوەیە دواتـــر لە ١٩٦٠ لە نیویۆرک لە لایـــەن هونەرمەنـــدان و ڕەخنەگرانەوە بەکار هات. پاشـــان تیۆریدارێژە ئەورووپاییەکان لە ١٩٧٠ ئەم وشـــەیەیان بەکارهێنا؛ هەرچەند جۆن ئارگیبینـــز، بەکارهێنانی ئەم زاراوەیەی لە ســـاڵی ١٩٣٤ وەپـــاڵ فێدریکـــۆ ئونیس (ڕەخنەگـــری ســـپانیایی) داوە کـــە وەک زاراوەیەکـــی دژەئیمپریالیســـتی لە شـــیعرە سپانیولیســـتییەکاندا بەکاری هێناوە (گیبینز ١٣٨١، ٢٥). جۆن مـــەک گوان، لە وتارێکدا

لـــه ســـاڵی ١٩٩١ چەمکانێکـــی وەک پاش پێکهاتەگەرایی، نیومارکسیزم و نیوپراگماتیزم و پۆستمودێرنیزم بە بەرهەمی هزروبۆچوونی کانــت، هیـــگڵ و مارکـــس و هەڵبەت نیچە دەزانێت (Best ،1997 ،1).[٧]

ئەگــەر بڵێیــن نیهیلیــزم یەکێــک لە لێکەوتەکانی مودێرنیتەیە، دەشتوانین بڵێین «نیهیلیزم» ســـەرەتایەک بوو بۆ سەرهەڵدانی پۆســـتمۆدێرنیزم یان پـــاش مودێرنیتە. بەو مانایەی کە «بنبەستی مودێرنیتە» بووە مایەی نیشـــاندانی ڕێگەیەکی دیکە بە بیرمەندان تا خۆیان لەو نیهیلیزمـــە وێرانکەرە قوتار بکەن کە دەکرا هەموو شـــتێک لە سیاچاڵی خۆیدا قووت بدات.

لەبەر ئـــەوەی دەرفەتـــی درێژدادریمان نییە، لـــەو کاریگەرییانـــە دەدوێین کە تێیدا «نیهیلیـــزم» بووەتە مایەی ڕاڤە و دارشـــتنی بنەواشەکانی پۆستمودێرنیزم کە لەم خاڵانەدا کورتی دەکەینەوە:

بنەواشە(پرەنسیپ)ی یەکەم: هەرچییەک لە مودێرنیتـــەدا هورمی(اعتبـــار) هەبووە لە چاخی پۆستمودێرندا بێهورم و هەڵوەشاوەیە

بنەواشـــەی دووەم: نکۆڵـــی یـــان بەرتەکدانەوەی کەتوار.

بنەواشەی سێیەم: مرۆڤ توانای ناسینەوە و جیاوازیدانـــان لەنێوان ئیمـــان و کەتواری لەدەست داوە و مرۆڤ لەجێی کەتوار، لەگەڵ خۆرانوێنێکدا بەرەوڕووە.

بنەواشەی چوارەم: ناسەقامگیریی واتایی (لە جیهانی داماڵـــدراو لە ژیری و هەقیقەت، جیهانێک کە تێیدا هیچ زانســـت و زانینێک بەهـــورم نییە و هیچ کەتوارێک لە ئارادا نییە و زمان تاکە ڕایەڵێکی زراڤ و ناســـکی ژیانە، گەلێ سروشتییە کە مانا، مانایشی نەبێت).

بنەواشـــەی پێنجـــەم: تەنیـــا لـــە گومانگەراییدایـــە کە تێیـــدا هیچ تیۆرییەکی ڕەهاگەرایـــی و ئەزموونێـــک نـــرخ و هورمی نامێنێت.

سەرباری ئەوەش بنەمایەکی دیکەیش کە پۆستمودێرنیزم لەسەری هەڵنراوە، بریتییە لە بانگەشەکردن بۆ فرەچەشـــنی، فرەنەژادی و فرەزمانی کە دەتوانێت ســـیمای هەنووکەیی جیهان بگۆڕێت.[٨] لە وەهـــا بارودۆخێکدا کە ئیمان بە هەقیقەت یان هەقیقەتەکان لەرزۆک بووە و بێبنەمایی و بێمانایی و مەرگ، بەها و بایەخەکانی جیهانی ئێمەیان تەنیوە، نیهیلیزم زیاتر لە ســـەدەکانی پێشوو - نیچە گوتەنی - لە دەرگا دەدات:

«نیهیلیـــزم لـــە دەرگا دەدات: ئـــەم ســـامناکترینەی تێکرای میوانەکان لە کوێوە دێت؟ شوێندەسپێک هەڵەیە؛ ئەگەر «هەژاریی جڤاکی» یـــان «ترۆبوونـــی فیزیۆلۆژیک» یان خراپتر لـــەوە، گەندەڵی بە هۆی هیچگەرایی بزانین. چاخی ئێمە ڕازاوەترین و دڵسۆزانەترین چاخ و سەردەمە. هەژاری، هیی دەروونە، یان لەش، یان ژیری؛ بەڵێ، [ژیری] خۆی ناتوانێت نیهیلیزم (واتە بەرتەکدانەوەی ڕیشـــەی بەها، واتا و خوازراوێتی) بەرهەمبێنێت...» (یاداشتی ساڵی ١٨٨٥ –١٨٨٦).[٩]

## ئیگزیستانســـیالیزم و زاڵبوون بەسەر نیهیلیزمدا

نەمانـــی ئاکامێـــک بۆ جیهـــان، بێهیوایی و بێباکـــی لە ناخی مرۆڤدا دروســـت دەکات و لایەنی مەترســـیداری نیهیلیزم لێرەوە دەست پێدەکات. بنبەستی مارکسیزم لە بەجێهێنانی بەڵێنەکانی لە چوارچێوەی مرۆڤێکی لەقاڵبدراو و کۆمەڵگەیەکی ڕەنێوهێنتەوەر(production - oriented )کە هەموو هەســـت و خوســـت و شـــەرەفی مرۆیی لە ڕیشـــەیەکی جەبریی ئابووریـــدا دەکـــردە قوربانـــی، دەبێتە مایەی دەنگهەڵبرینـــی ئیگزیستانســـیالیزم. لـــە جیهانێکدا کـــە مرۆڤێکی هەڵپەســـێردراوی بێهیوا لـــە میتافیزیـــک و ئایدیۆلۆژییەکان گیـــرۆدەی نیهیلیزم بووە، مرۆڤ ســـەرەڕای بوونـــی بێ چییەتیی(ماهیـــت)ی خۆی دێتە

مەیدانەوە و دەبێ خــۆی چییەتیی خۆی لە باشــاری جڤاکدا، بە چەرمەسەری و تێکڕای پەرۆشــی و کەڵکەڵەکانــی دروســت بکات. ئاشــکرا و دیارە کە هۆی باوەڕی ئەم ڕێبازە بە پێشــەنگایەتیی بوون لەبەرانبەر چییەتیدا، وەبارهاتــووی هــەرەس و بۆڕدرانــی مرۆڤە لەوەیدا کە ئایدیۆلۆژییەکی پێشوەختە هەبێت و ئیگزیستانیســالیزم لــە وەهــا ژینگەیەکدا پەیجۆری بەخشینی مرۆڤگەراییەکە بە مرۆڤ دەتوانیــن لەبــاری مرۆڤگەراییــی ئیگزیستانیسالیستییەوە دوو خاڵ دەستنیشان بکەین:

**١** ئازادی و بەرپرسایەتی

لــە فەلســەفەی ئیگزیستانســیالدا ئەرکــی مــرۆڤ گەلێ دژوارە. چونکە بە ســرینەوەی چییەتییەکــی پێشــترداریکراو بۆی، خۆی بەرپرسی دروســتکردنی خۆیەتی؛ واتە ئەمە دەبێت بە ئاکامێک بۆ مرۆڤ لەجێی ئاکامێک بۆ جیهان و لێرەوە مرۆڤ دەتوانێت بەســەر نیهیلیزمدا زاڵ ببێت. ئەو دەبێتە بەرپرسیاری داهاتوو، کۆمەڵگە، مێژوو و بەختەوەریی خۆی. ئەمە پرۆســەیەکی دژواری شوناسبەخشینە. چونکە ئیــدی لەمەولا مرۆڤی ناتۆرالیســتی لــە ئارادا نییــە. ئازاد لە هەمــوو جەبرێک و داڕێژەری جەبری خۆی.

**١** دڵەڕاوکێ یان نیگەرانی

دڵەڕاوکێ یەکێک لــە بنەماییترین ماناکانی فەلســەفەی ئیگزیستانســیالە. نیگەرانــی وەبارهاتوو لە ئەمڕۆ و بەیانی، ئەڤین، خوێندن و سامان نییە. بەڵکو بەرەنجامی بەرپرسایەتییە لە هەڵبژاردنی ڕێگەی ڕاست لە دروستکردنی خــۆدا. نیگەرانی لــە هەڵبژاردنی باشــترین بژاردەدا. دڵەڕاوکێ بەرەنجامی هەســتکردن بە بەرپرســایەتییە. ئیگزیستانســیالیزم بەم ڕێگەیە هــەوڵ دەدات دڵەڕاوکێ و نیگەرانیی ئاکامناســانەی یەزداننناســانە و یۆتۆپیایی - کە بە نیهلیزم دەگات - بەگوێرەی ڕێســای پێشەنگایەتیی بوون لەبەرانبەر چییەتیدا بۆڕ بدات و مرۆڤگەرایی لە خۆیدا ببێت بە ئاکام؛ بەگوێرەی ئەم ڕێبازە بەم چەشــنە بەســەر نیهیلیزم یان لایەنە تێکدەرانەکانی نیهیلیزمدا زاڵ دەبین.

## دۆخی کورد

هەروەک لە بەراییی وتارەکەدا گوترا، ناتوانین ئەو سروشــتەی نیهیلیزمــی ئەورووپایی لە کۆمەڵگەی کوردی و لەم سەردەمەی ئێستادا پەیجــۆر و دانەدوو بکەین. واتــە گوتەیەکی بێ‌مانایە لە هەنووکــەی کۆمەڵگەی خۆماندا پەیجۆری نیهیلیزمی فەلسەفی بکەین.

لە ئەدەبی خۆرهەڵاتی نێوەڕاســتدا، وەک دەگوترێت دەرکەوتی نیهیلیزم لای «خەییام» و «ئەبوعــەلای موعەڕی» وەبەرچاو دەکەوێت. دۆخێکی گومانگەرایانەی فەلســەفی لەبارەی نەخشــەی ئافراندنی گــەردوون، زۆرەملێ و سەرپشکیی مرۆڤ، (لوحة المحفوظ)، پاداشت و ســزا و دواجار خۆســپاردن بە مەی - لای خەییام - وەک سرکەری پرسیار و شێتییەکی دیۆجانوســانە لــە هەمبەر باوەڕی گشــتیی جڤاک لەم ئەدەبەدا دەبینرێت و بەشــێک لە نیشانەناسیی نیهیلیزمی تێدا بەدی دەکرێت.

پێویســتە لێرەدا لەنێــوان «نیهیلیزم» و «دەربڕینی نیهیلیســتی»دا جیاوازی دابنێین. «نیهیلیزم» ڕوانگەیەکی فەلســەفییە کە وەک ڕێبازێک یــان دیاردەیەک بــەدی دەکرێت و تایبەتمەندییانێکــی هەن کــە باس کران. لێــرەدا من لــە داوەری لەم بــارەوە کە ئایا «نیهیلیزم» بە هەمــوو تایبەتمەندییەکانیەوە لەم سەردەمەی کۆمەڵگەی ئێمەدا لە ئارادایە، خۆم دەبوێرم. بەڵام جەخت لەسەر «دەربڕینی نیهیلیســتی» دەکەمەوە کــە دەتوانین وەک بەشــێک لــە «نیشانەناســیی» نیهیلیزم لێی بدوێین و ڕەنگە لە کۆتاییدا بتوانین بەگوێرەی ئەم نیشانەناسییە لەبارەی هەبوون و نەبوونی

سـەرلەبەری نیهیلیزم لە «دۆخـی کورد»دا ڕاوبۆچوونێک بخەینە ڕوو.

تەنانـەت لەنێو سیسـتمی باوەڕدارانەی دینییشدا بارودۆخێک دێتە پێشەوە کە مرۆڤ هەسـت بە «فەرامۆشـیی خودا» دەکات. ئەم فەرامۆشییە کە کەسانێک هەست بەوە دەکەن خودا ئەوانی لەبیر چووەتەوە، چرکەسـاتێکی نیهیلیستییە. لەو ساتانەی کە دەڵێین «خودا لەکوێی؟» بۆشـاییەکی گەورە لـە ڕۆحماندا دروسـت دەبێت. چرکەسـاتێک کـە تێیدا «دیزاینی خواوەندانەی جیهان» تێک دەڕمێت. ئەم سـاتانە، سـاتی پچڕانی ڕایەڵـی نێوان «بەندە» و «خودا»یە. لە ڕوانگەی ئیمانداریکەوە جیهان و مرۆڤ بە ڕایەڵێکەوە پێک بەستراون کە «گومان» و «کوفر» دەبنە مایەی پچڕاندنی. بەڵام ئەگەر لە چرکەسـاتێکدا تێکرای باوەڕ بـە هـۆی دڵنیابوونـەوە لـە «بوونبەیەتیی میکانیستیی جیهان» هەڵبوەشێتەوە، هەستی «هەڵپەسـێردران» ناخی مرۆڤ دادەپۆشێت و ڕوونکردنەوەی «ئاکامی مرۆڤ و جیهان» نەلواو دەبێت؛ ئەمە ئەو شـتەیە کە چەندین جار بە «بنبەست» ناومان هێنا. بڕوا بە «بوونبەیەتیی میکانیسـتیی جیهان» دەکرێ هاوکات ببێتە هـۆی «نیهیلیزمـی خوداناباوەڕانـە». ڕەنگە بـۆ تاکێکی بیرمەنـد کە بـە بیرکردنەوەی فەلسـەفی ڕاهاتووە و دەتوانێت وێستگەکانی داهاتـووی بیرکردنـەوەی خۆی پێشـبینی بکات، وەها دۆخێک کاریگەرییەکی تۆقێنەری نەبێـت. بەڵام ئەم دۆخە بۆ کۆمەڵانی خەڵک کە ڕادێن دەسـت بە ڕایەڵێکی بوونەکییەوە وەک «ئـاکام»ی هەمـوو شـتێک بگـرن و پێشـوەختە بە وڵامە ئامادەکراوەکان، هەموو پرسیارەکانیان بخەنە لاوە، دۆخێکی تۆقێنەرە. «هەڵپەسـێردران» چ فیزیکی و چ دەروونی، سـامناکترین هەلومەرجێکـە کـە دەکرێ کۆمەڵگەیەک تووشی ببێت.

دەتوانیـن لە بـاری چۆنیەتییـەوە دوو جۆر نیهیلیزم دەستنیشـان بکەین: هەمەکی و هەندەکـی. هەروەها بەگوێـرەی بۆچوونی بۆلنێـت دیکێـن (لەدایکبـووی ١٩٦٤)، فەیلەسـووف و کۆمەڵناسی دانیمارکی، چوار جـۆر نیهیلیزم هـەن: نیهیلیزمـی ئایینی، نیهیلیزمی ڕادیـکاڵ، نیهیلیزمی کارتێکراو و نیهیلیزمی تەسـەل. هەڵبەت ئەم چوار جۆر نیهیلیزمە لێکدابڕاو نیـن و دەکرێ هاوکات و هاوپێناو بن، بە جۆرێک کە خودی کابرای بیهیلیست هەسـت بە هاوپێناوییان نەکات. کە وابـوو دەکرێ دەرکەوتـی نیهیلیزم بەو شـێوە تەسـەل و هەمەکییە بەشـێوەیەکی یەکسـان کۆمەڵگەکان داگیـر نەکات، بەڵام لەم سەدەیەی ئێمەدا هیچ قوژبنێک لە دنیادا نەماوە کە بەشێوەیەک لە شێوەکان نیهیلیزم بە دەرکەوتی جیاوازەوە تێیدا بەدی نەکرێت. کە وابوو بەگوێرەی چۆنیەتی دەتوانین لانیکەم جـۆری هەندەکیی نهیلیزم لە دۆخی کورددا دەستنیشـان بکەین. سـەرەتا لـە ئەدەبەوە دەست پێدەکەین.

پرسـیار و گلەیـی لە «چارەنـووس» و «بەختی «ڕەش» و دۆشداماویی میتافیزیکی و هیچێتیی کاروباری دنیا و چەرخی چەواشـە و گەردوونـی چەپگەرد ... و هتد، لە ئەدەب، بەتایبەتی شیعری کوردیدا لە پێوەندی لەگەڵ دۆخی «کوردبوون» بـە زەوەندی دەبینرێت. ئێمە بۆ دەبێ چارەنووسمان وابێت، گیرۆدەی دەستی تورک و عەرەب و فارس و بێ خودان و بێ سـەروەر؛ لای ئەحمـەدی خانی و لە پێشـەکیی «مەم و زین»دا کە شەرحی دڵی خـۆی دەکات بـە «فەسـانە» ڕەنگدانەوەی بێهوودەیی و هیچێتیی بارودۆخێکی زەمینین کە «بێدەوڵەتی» خوڵقاندوویەتی و «ئاوارەبوون» و «هەڵوەدایـی کۆمەڵگـە» ڕەخسـێنەری نیهیلیزمێکی هەندەکیی جڤاتییە. بە گەڕانەوە بۆ گوتەکەی نیچە کە نالەباریی «سیاسـەت و ئابووری» دەکرێت هۆکارێکی سـەرهەڵدانی نیهیلیزم بێت، دەتوانین نەبوونی سیاسـەت و سیاسـەتوان بە هـۆکاری سـەرهەڵدانی

نیهیلیزمێکی زەمینی (ناســـووتی) بزانین کە ئەم لایەنە بە زەقی لای «خانی» دەبینرێت.

نیهیلیزمی ئایینی - باوەڕدارانە، لایەنێکی دیکـــەی نیهیلیزمی هەندەکییـــە؛ ئەم لایەنە بەزەقـــی لای «خانـــای قوبـــادی» لە حەوت خشتەکییەکانیدا دەبینرێت کە بە ناونیشانی «حەوت تەرجیعبەند» لە دیوانەکەیدا هاتوون

قەدیـــم موتڵـــەق، قەدیـــم موتڵـــەق
یـــا قائـــم بـــە ذات قەدیـــم موتڵـــەق ...

ئەم دیڕە لە کۆتاییی خشتەکەکاندا پاتەوپات دەبێتەوە:

وەرنـــە بـــە زاتـــت، جـــە لای زات تـــۆ
مەکـــەروون ڕۆی حەشـــر مـــن شـــکات تۆ
(سکاڵا لە خودا لای زاتی خودایی خودا!)

حاکمەنـــی تـــۆ، هـــەم وێـــت کـــەر قازی
کەس بە ســـونع وێش چـــوون نییەن ڕازی؟
ئـــەوڕۆ کە هەســـتیی منـــت کـــەرد ڕەقەم
«واللـــە و باللـــە» بـــە زاتـــت قەســـەم
ئـــەر مەبـــی بەدەســـت مـــن ئیختیـــاریَ
جـــەو دەمـــدا دەرلاد مەکـــەردم کاریَ
دونیـــای بیَ وەفـــای تـــۆ نەدیام بـــە چەم
نەکەوتـــام بـــەی تـــەور نـــە گێجـــاو خەم
کەســـیَ جـــە ئیبلیـــس ســـاعیتەر نەبـــی
چـــوون جەزبـــەی تەوفیـــق تۆ یـــاوەر نەبی
بـــە عەبـــەس بەرشـــەی جەفـــا بەردەنـــش
تەوقـــیَ جـــە لەعنەت شـــی نـــە گەردەنش
خانـــا جـــە دەرگای زات بێـــزەواڵ
جـــە ڕووی گوســـتاخی، مەپەرســـۆ هەواڵ
ســـا جـــە بەنـــدەگان کیَ تەقسیرشـــەن
کیَ ســـاحێب قـــەزا، کـــیَ تەقدیرشـــەن؟
گا شـــەیتان، گا نەفـــس شـــووم شـــەڕانگێز
مەکـــەری پێشـــان تـــۆ بـــە دەســـتاوێز
مەنیەی نـــە گـــەردەن چەندین گۆناشـــان
بـــە ئاهـــر دۆزەخ مـــەدەی سزاشـــان
هەرچـــی ڕەزاتـــەن مەکـــەری تەقدیـــر
گشت کەردەی وێتەن، کێن ساحێب تەقسیر؟
قەســـەم بـــە زاتـــت، یاگـــەی ئومێـــدەن
ئەر مەکەیم وە ســـەنگ، ڕاستش هەر ئێدەن
نـــە زەڕڕێـــو گۆنـــای نەفـــس ئەممـــارەن
نـــە فیتنەی شـــەیتان شـــووم بـــەدکارەن
هەرچـــی مەکریـــۆ، بـــە ئیـــرادەی تـــۆن
کوســـیَ چکارەن، ســـاحێب وجـــوود کۆن؟
هەرچەنـــد ئەی حەرفە جـــە ئەدەب دوورەن
خاریـــج ڕای شـــەرع ئەهـــل شـــعوورەن
قەســـەم وە زاتت، گشـــت کەردەی وێتەن
گۆنـــای کەس نییـــەن، بنیادەم شـــێتەن[١٠]

لەبـــەر ئەوەی دەرفەتی لێکدانـــەوەی دێڕ بە دێڕی شیعرەکەمان نییە نێوەڕۆکی پەیامەکەی خانا لێرەدا دەخەمە ڕوو:

(خودایـــە تۆ خۆت فەرمانـــڕەوای، خۆت دادوەری خۆتی، ئەریَ کێیە کە لە ئافرێنراوی خۆی ڕازی نەبێت؟ ئەمـــڕۆ کە گیانت وەبەر من نا هەر بە خۆت سوێند دەخۆم، ئەگەر لە دەستم بهاتبایە لەمەولا کارێکم دەکرد دنیای بیَوەفای تۆ بە چاو نەبینم نەک بەم شێوەیە بکەومە نێوە گێژاوی خەم.

کەس لە ئیبلیس (شەیتان) خوداپەرستتر نەبوو، بـــەڵام لەبەر ئەوەی تۆ ڕات لێی نەبوو، هـــەر لە خۆڕا ســـتەمی چەشـــتووە و تەوقی لەعنەتـــی کراوەتە مل. خانـــا بە چاوقایمی و گوساخییەوە پرسیار دەکات جا لە بەندەکانی تـــۆدا لێکدانـــەوەی کیَ دروســـتە، ئاخۆ کیَ خاوەنـــی چارەنووس و چی لـــە چارەی کیَ نووســـراوە؟ تۆ هەندیَ جار تەشک (نفس) و هەندیَ جار شـــەیتانیان لیَ دەکەی بە مڵۆزم و گوناهەکـــە دەخەیە ئەســـتۆی خۆیان و بە ئاگـــری دۆزەخ ســـزایان دەدەی. ســـوێند بە زاتی خـــۆت کە تەنیا هەر ئەوە جێی ئومێدە، ئەگەریش بمکەی بە بەرد ڕاستییەکە ئەمەیە: نە تۆزقاڵێک خەتای «نەفســـی ئەممارە»یە و

نە خەتای شــەیتان! هەرچییەک دەکرێ بە ویستی تۆیە و کێ بە کێ و کێ دەتوانێ قسە لە قسەتدا بکات؟ هەرچەند ئەم قسەیە دوورە لە ئــەدەب و لە دەرەوەی شــەرع و دایانانە، سوێند بە زاتی خۆت هەر هەمووی کردەوەی خۆتە، گوناهی کەســی تێــدا نییە، ئادەمیزاد خۆی شێتە [بڕوا بەم شتانە دەکات]!)

نیهیلیزمێکــی هەندەکــی یــان ڕێژەیی کــە لەم شــیعرەی «خانــا»دا هەیــە، کە بە سەرنجدان لەگەڵ چەمکەکانی «دانای ڕەها» یان «هەمەشــتزان»، بەتوانای ڕەها و باڵانوار، «ڕاســاوبەخۆ» (قائم بالــذات) دەبینرێت، بە خودانەباوەڕی(الحاد) و نکۆڵی لە ئاکامی جیهان و ئافرێنەر نەگەیشــتووە؛ بەڵام «بێهوودەیی» و «گۆترەیــی» و هیچێتیــی» هەندێ لایەنی یەزدانناســیی ئایینی بەرتــەک دەداتەوە کە گوایە مرۆڤ سەرپشکە (مخیر)ە بەڵام خانا بە ناچار (مسیر)ی دەزانێت! خانا لە تووناوتوونی گومان، ئیمان، ترس، پرســیار و دڵەڕاوکێدا، بوێریی ئەوەش نیشان دەدات کە سەرچاوەی «چاکــە» و «خراپە» بگەڕێنێتەوە بۆ لای خودا و بەکردەوە «نەفسی ئەممارە» و «ئیبلیس» بە چاوبەســت دەزانێت. کە وابوو لەگەڵ ئەوەی «هیچێتیــی» ئەم چەمکانە دەخاتە ڕوو، بەڵام ڕاستەوخۆ داوا لە خودا دەکات لێی ببوورێت چونکە ڕاشــکاوانە خــودا بە بەرپرســیاری گوناهی خــۆی دەزانێــت! لایەنێکی دیکەی ئیمانی خانا، ســەرەڕای ترس و دڵەڕاوکێ لە سزای یەزدانی ئەوەیە کە دەڵێ خودا من لەو دنیا سکاڵا لە زاتی خواییت دەکەم. سکاڵا لە خودا لای زاتی خودا وەک ئەوەیە کە خودا بە ویژدانی خودایانەی خۆی بســپێریت و ئەمە خاڵێکی پرشنگدارانەی جۆرێک لە نیهیلیزمی ئیگزیستانســیالە کە لە چوارچێوەی ویژمانی ئاییندا بەشــێکی زیادەی ویژمــان (گوتار، دیسکۆرس) بەرتەک دەداتەوە تا چاوبەستێک کە هەمان «هیچ»ە ئاشــکرا بــکات کە خودا خۆی بۆ شــاردنەوەی «سەرچاوەی خراپە» لە مرۆڤی دەکات و ئادەمیزاد بە شــێت دەزانێت ئەگەر بڕوا بەم چاوبەستە یەزدانییە بکات. بەم شــێوەیە لەگەڵ ئەوەی وا دیارە «خانا» مرۆڤ بە «ناچــار» دەزانێت، بەڵام وەک «ســیزیف» بەردەکە کۆڵکێش ناکات، بەڵکو وەک ئەوەیە بە خودا بڵێت من بە چاوبەســتەکەت دەزانم، بە قســەت ناکەم، بەڵام دەزانم کە تۆ ئاکامی ڕەهای جیهان و سەرچاوەی چاکە و خراپەیت و دەبێ بمگەڕێنیتەوە بۆ بەهەشت!

بــە بــڕوای مــن، ئــەم تایبەتمەندییە نیهیلیســتییە لــە شــیعرەکەی «خانــا»دا، «نیهیلیزمی بنیاتنەر»ە کە ئیگزیستانسیالیزمی سارتەری وەری دەگرێتەوە بۆ ئەوەی پێش بە تایبەتمەندییە وێرانکەرەکەی نیهیلیزمی ڕەها بگرێت.

خاڵێکــی دیکەی جێی ســەرنج ئەوەیە کە «خانا» لە «فەرامۆشــیی خــودا» نادوێت، لە «چاوبەســتی خودا» دەدوێت. «فەرامۆشیی خــودا» بەرەنجامــی گوناهباریــی مرۆڤە کە خــودای تــووڕە کردووە و گلەیــی «خودا لە کوێی؟» تــکا و لالانەوەیەکــی ئیماندارانەی هەســتکردن بە گوناهە؛ ئەم دۆخە، دۆخێکی بێهیوابوونە بەڵام «ڕەهــا» نییە. پەیبردن بە «چاوبەســتی خــودا» هیچێتــی دەردەخات، هەندێ چەمکی زیادە کە خودا لە پشتییەوە خۆی وەک ســەرچاوەی خراپە دەشارێتەوە! زیادەبوونی «شــەیتان» و «نەفســی ئەممارە». لەگەڵ ئەوەشدا شــەیتان وەک بوونەوەرێکی بەنەفرەتکراوی بێتاوان لە شانۆکە دەر دەکات تا نەخشەکێشی ڕاســتەقینەی جیهان خۆی بنوێنێت؛ مــرۆڤ وەک پەیبەری هیچێتی و ئەفســانە و دەرخەری پووچەڵانێکی مێژوویی لــە دووتوێی دیندا. من ئەمــە بە دەرخەری «نیهیلیزمــی ئیگزیستانیســاڵ»ی خانا لێک دەدەمەوە.

«نیهیلیزمــی ڕەهــا» یــان هەمەکــی و ســەرلەبەر، نیچــە گوتەنی: «ئێســتا لەنێوان دووهیچدا»یــە. «هەڵپەســێردران» بەرهەمی

گومانــە، بەڵام هەســتکردن بە «بنبەســت» ئێستایە لەنێوان «دوو هیچدا»؛ ئێستا یان «من» یان «ئێمە»ین. هەستی «هەڵپەسێردران» ترس و نیگەرانــی بە دوای خۆیدا دەهێنێت. ترس و نیگەرانییەک کە بەرەنجامی سەرگەردانی و سەرلێشێواوییە لەمەڕ چلۆنایەتیی بەخشینی «چییەتــی» بــە «بوون»مــان کە»چییەتی» و «بــوون» هەبوونــی ئێمە لە جیهانــدا مانادار دەکات. هەر بۆیە، ترس و نیگەرانی دوابەدوای هەستکردن بە بەرپرسایەتی لەهەمبەر مرۆڤ و جیهان دێتە کایەوە. هەســتی «بنبەســت» بەپێچەوانــەی هەســتی «هەڵپەســێردران» هەســتی «بێهوودەیــی» و «پووچی» بە دوای خۆیدا دەهێنێت. «ئێستا» واتە «مرۆڤ»، کاتێک بە هۆشیارییەوە دەکەوێتە نێوان «دوو هیچ»، بەو بەرەنجامە دەگات کە هیچ نەخشــەیەکی پێشــوەختە لــە چیرۆکی ئافراندنــی مرۆڤدا لــە گۆڕێدا نییــە و «بوونبەیەتیی» کوێرانەی گــەردوون بەگوێرەی «ڕێکــەوت» بوونەوەر و گیانــەوەر دەخوڵقێنێ و بــە جەبری «کات» «ســەرهەڵدان» و «پووکانەوە»ی بەدوادا دێت. وڵامی خەییامیانە بۆ پرسیاری: «فەرمووتە لە پاش مەرگ بەرەو کوێ دەمبەن؟»(خەییامی هەژارانە) ئەمەیە کە «سەرخۆش کە دەڕۆم کێوە بچم دڵخۆشم!»(خەییامی هەژارانە) بەرەنجامی هەســتکردن بە «بێهوودەیــی» و «پووچی»یە کە تەنیا بە خۆســپاردن بە «مەی» چارەسەر دەکرێت کە ئەویش بریتییە لە «فەرامۆشی» و «مەستی». ئەم نیهیلیزم تاکەکییەی (فردی) خەییــام نیهیلیزمێکی کارتێکــراو (منفعل)ە کە نە بوێریــی «خوداناباوەڕی»یی هەیە و نە بوێریــی هەبوونگەراییەکی کارتێکەر یان کارا تا چییەتییەکی ئێســتایی بە بوونێکی دێرین ببەخشێت! دۆشــدامان لە دەستنیشانکردنی ئاکامناســانە(تێلۆلۆژیک)ی ئادەمیــزاد، بــە میکانیزمێکی ئاوەزمەندانە کە هەڵبەت بەدەر لە توانستی ئاوەزمەندانەی مرۆڤە، بە «بنبەست» دەگات. ڕەنگە یەکێک لە هۆیەکانی هۆنینەوە و هەڵبەســتنی «ئەفســانە» و «ئوســتوورە» هەڵهاتن لەم «بنبەست»ە بێت و مرۆڤی کۆن هەوڵی داوە بە جیهانناســییەکی ئوستوورەیی لەم «بنبەست»ە خۆی قوتار بکات؛ بەتایبەتی لە بنبەســتێک کە ئەگــەر کۆمەڵانی خەڵک تووشی ببن، جڤاک هەڵدەوەشێتەوە.

ئــای کــێ بــێ؟ بانــگ و هــاوار و پەیام
بگەیەنێتــە گوێــی گۆڕەکــەی خەیــام
بڵێ هــەی سەرشــێت، کوشــتەی گڕ تەڕ
گــەر تێتــا مــاوە یەک تــۆز نــرخ و فەڕ؟
تۆ ... لەســەر باکەی شووشــەکەی شــکان
لەگــەڵ خــودادا کــردت بــە زۆران
هەڵســە؛ بــەرەو ئــەم نــاوە هەڵتووتــێ
نــەک شووشــە شــکا وا ڕەز دەســووتێ
بــەرەو مەڵبەنــدی کوردســتان ڕەوتــێ
نــەک کووپــە شــکا وا ڕەز ئەســووتێ
(حەمەساڵح دیلان)

هاوارێکــی لەمێژینەی «خەییام، لای «دیلان» بــە بانــگ و هــاوار و پەیامێکــی دیکە، بۆ «سەرشــێت»ێک دەنێردرێت کە لەنێوان دوو هیچــدا کوشــتەی «گڕی تــەڕ»ە! دوو هیچ لەنێوان دوو «بــەدەرکات»ی «بوون»دا. «نوایی (ئەزەلی) و «تاهەتایی» (ئەبەدی) دوو «هیچ»ن کە چیرۆکی بــاوی ئافراندنی دینی، خەییام قایل ناکات، بەڵام «ڕۆحی هەڵپەســێردراو»ی خەییام ناتوانێ لەنێوان «گومان» و «ئیمان»دا خــۆی یەکلایی بکاتــەوە و ئــەم نیهیلیزمە تاکەکی و کارتێکراوە وەک خۆی دەمێنێتەوە. «با»یەک کە بە شــکاندنی شووشــەی مەی، مەســتی و سەرخۆشــی یــان بێهۆشــی لە ســەری خەییام دەپەڕێنێــت، دەیباتەوە نێو ململانێیەکــی یەکلایینەکــراوە. «خەییــام» لەگەڵ خــودادا زۆران دەگرێت. بەڵام زۆرانی «خەییام» لە زۆرانی «خانا» ناچێت.
خەییام «بەهۆشــهاتنەوە» و «ڕەوینەوەی مەســتی» کە تاکــە شــادمانیی ئەمدنیاییی

ئەوە، لە شووشەیەکدا دەبینێت کە «با»یەکی خودایی دەیشکێنێت، وەک بەردێک کە «زیوس» هەموو جارێک ناچار بە گلۆرکردنەوەی دەکات و «سیزیف» ناچار بە بردنەوەی بۆ سەر چیاکە دەکات! «شکانی شووشە» «گلۆرکردنەوەی بەرد» چەشنی سیمبۆلێک کە مرۆڤی مەحکومکراو بە زەبری زۆرەملێی یەزدانی، «هیچێتیی» چارەنووسی ئادەمیزاد نیشان دەدات. هەڵبەت جیاوازییەک لە ئارادایە: خەییام دەیکات بە زۆران، زۆرانێک کە چەشنی زۆرانەکەی خانا نییە! خەییام لە مەستیی خۆیدا بۆ «فەرامۆشیی خودا» دەگەڕێت، بەو مانایەی کە «مەستی» دەبێتە مایەی ئەوەی کە کەڵکەڵەی خودا و بوونی لەبیر دەچێتەوە و خوداش ئەمی لەبیر دەچێتەوە! «خانا» بەپێچەوانەوە لە «چاوبەستی خودا» دەدوێت، واتە پەردەیەک هەڵدەماڵدرێت کە تەنیا «رووهەڵماڵدراو»ێک دەتوانێت هەڵیبماڵێت! خەییام ئەوەندە بوێر نییە «چاوبەست»ی خودا بە بیر خودا بهێنێتەوە. هەر بۆیە نیهیلیزمی خەییام کارتێکراوە و نیهیلیزمی خانا کارتێکەر و کارایە و ئەم دەنگهەڵبڕین و لەقاودانە، نیشانەی یاخیبوونە. هەڵبەت دەبێ بڵێین نە «خەییام» و نە «خانا» ناکەونە خانەی «نیهیلیزمی خوداناباوەڕانە»وە.

«دیلان» زۆرانبازییەکە دەبینێت؛ لەسەر «شووشەیەکی شەراب» کە ئامرازی فەرامۆشیی مرۆڤە، بۆ ئەوەی لە «فەرامۆشیی بوون»دا - کە لە دیدی ئیماندارەوە هەمان خودایە - لەبیر بچێتەوە. ئەگەر «گڕی تەڕ» تۆزێک نرخ و فەڕی بۆ «خەییام» هێشتبێتەوە، «دیلان» دەڵێ «تۆ» لەسەر ئەو بایەی کە شووشەکەی شکاند، زۆرانت لەگەڵ یەزدان گرت؛ «وەرە بەرەو ئەم ناوە هەڵتووتێ»، «ئەم ناوە» زەوی (ناسووت)، «ڕەز» سەرچاوەی «گڕی تەڕ» (ئامرازی مەستی)، دەسووتێت. بەگوێرەی فەلسەفەی هەبوونگەرا، بۆ زاڵبوون بە سەر هیچگەراییدا دەبێ ئەمجارەیان چییەتییەک دروست بکەین. چییەتیی ئێمە، ئەرکی ئێمەیە. بەرپرسیارێتیی ئێمەیە و بەم شێوەیە دڵەڕاوکێ و نیگەرانی وەک سروشتی ئێمە نیشانەی مرۆڤگەرایی ئێمەیە و مرۆڤگەرایی و مرۆڤدۆستی ئاکامی ئێمەیە.

«دیلان»، پەژارە و پەرۆشی و نیگەرانیی زەمینی لە وشەی «ڕەز»دا کە هەمان «نیشتمان»ە، نیشان دەداتەوە. لەو نیهیلیزمە تاکەکییەی خەییام دادەبڕێت و هێما بە «کووپەی شکاو» و «ڕەزی سووتاو» - وێڕای باس لە «لەدەستچوون» و «دۆشدامان» و «بێهیوایی»- دەکات؛ تەنزێکی تاڵیشە بۆ «زۆرانبازیی بێسوود»ی خەییام لەگەڵ خودادا کە سەبارەت بە پرسیارێکی لاهووتی، «گڕی تەڕ»ی زەمینی دەنۆشێت، لەکاتێکدا «ڕەز»، دایکی «گڕی تەڕ»، لە بڵێسەی ئاگردا دەسووتێت!

## زەمانی بزربوو

شەممە دەستی یەکشەممەیە و
لە قەدوباڵای دووشەممە ئاڵاوە
سێشەممە پێڵووی خەواڵووی چوارشەممەیە و
ئەشکی ئاوارەی پێنجشەممە
لە لێواریا قەتیس ماوە!
هەینیش چ بڵێم! ئاوێنەیە
دەرخەرەوەی دەستە سامناکەکەی نێوان گەرووی
زەردەپەڕی ئێوارەکانی شەممەیە!
......
شەممە باڵای یەکشەممەیە و لە باخەڵی
دووشەممەدا لێی نووستوە
سێشەممە نەخۆشی کەوتووی بەر نەشتەری چوار
شەممەیە و لە پێنجشەممەدا مردووە!
هەینیش چ بڵێم! زەمەنێکە لەمێژە بزر بووە
تابووتێکە «میلی کاتژمێر بەسەریا چەماوەتەوە»[۱۱]

## «چ بڵێم!» - دۆشدامان و بنبەست!

ڕەنگە بتوانین نموونەی تەسەل و ڕەهای نیهیلیزم لەم شیعرەدا پەیجۆر بکەین؛

هیچێتیــــی «کات» و ئاراییـــی مرۆڤ لە کاتدا کــە شانبەشــانی ژیان، مەرگیــش لەگەڵیدا گەشــە دەکات! کات تابووتێکــە کــە میلی کاتژمێرەکەی «ســالڤادۆر دالی» بەســەریدا چەماوەتەوە»! کاتژمێرێک کە ئێمە گوایە تێیدا ژیان دەژمێرین و ئەو لە ئێمەدا کاتی مەرگ دەپێوێت!

پووچیــی «کات» - پووچیــی «شــوێن» و هیچێتیــی «بــوون» و بێماناییــی «بوونبەیەتی(صیرورة).

لــە «دیلان»ەوە تا «فاتیح عیزەدین» دەبێ چ ڕووداوانێکــی دراماتیــک و تراژیــک کە پڕن لە «ترس» و «هیــوا» و «مەرگ» ڕوویان دابێت. لە «ســووتانی ڕەزێک» (نیشتمان)ەوە تا دەگات بە هەرەسی کورد بە دەستی کورد، کوشــتار و زیندان. هــەر کام لە توخمەکانی نیهیلیــزم بەپێــی پلەبەنــدی لــە زۆربەی شاعیرانی کورددا دەتوانین بەجیا دەستنیشان بکەیــن؛ «بێهیوایــی»، «گومانــی ڕەش»، «هەڵپەســێردران» و «بنبەســت». هەڵبــەت ئاشکرایە ناتوانین بە بینینی یەک لەو نیشانانە لــە ژانرێکی ئەدەبیدا، یەکســەر بیخەینە نێو ئەدەبی نیهیلیستییەوە. دەتوانین بێهیواییی «ســوارە ئیلخانیــزادە» لــە «دەڵێــم بڕۆم لە شــارەکەت» (١٩٧٠) و شیعری «خێڵی درۆ» (١٩٦٨) بە نیشــاندەری «بنبەستی سیاسی» بزانیــن کە «تووڕەیــی و هیوابڕاوی» هاوکات لێیــان هەڵدەهێنجرێت. ئەگــەر «تووڕەیی و هیوابڕاوی» یان جۆرێک لە «بنبەســت» تەنیا بە نیشــاندەری نیهیلیزم لێک بدەینەوە، ئەوە بەشــێکی زۆری «ئەدەبی کــوردی» تەژی لە وەها نموونەگەلێکە و ئاشکرایە ئەمە دەمانخاتە هەڵــەوە. ڕەهەنــدی بوونەکیــی نیهیلیزم و ڕەتکردنــەوەی هەر جۆرە ئاکامێک بۆ جیهان و بــوون و ژیان لە «نیشانەناســیی نیهیلیزم و نیهیلیزمی ئەدەبــی»دا یارمەتیمان دەدات. لەگەڵ ئەوەشــدا نابێت بە چەند نیشانەیەکی ســنووردار هزر یان ئەدەبێکــی دیاریکراو بە «نیهیلیســتیی» لەقەڵــەم بدەیــن. تێخزانی نیهیلیزم لەنێو «ئیگزیستانســیالیزم» هەندێ جار نیشانەناسیی نیهیلیستی و نیشانەناسیی ئیگزیستانسیالیســتی وەها تێکــەڵ دەکات کــە وەک دووانەیــەک دێنە بەرچــاو. وەک «نیهیلیزمی ئیگزیستانسیال» کە ڕووبەرەکەی لــە «نیهیلیزمی ڕەها» بەرفراوانترە و دەتوانین لە بەشێکی زۆر لە شیعر و پەخشان و چیرۆک و ئەدەبی گێڕانەوەدا سەرەداوی بدۆزینەوە.

***

«کەتوارتارێنــی»، واتــە تاراندنــی هەر جۆرە کەتوارێک و دوورکەوتنەوە لە ئەرکی جڤاکی و نەمانی ئاسۆیەکی هیوا بۆ کۆمەڵگە یەکێک لە نیشــانە ســەرەکییەکانی هیچگەراییە. لە جیهانــی هاوچەرخدا نیشــانەکانی نیهیلیزم لــە ڕەفتارگەراییی سیاســیدا دەر دەکەوێت کــە ناهاوســەنگیی بەرەنگاریــی هێزەکان بــە «خۆوێرانکــردن» دەگات بــۆ نموونــە: خۆتەقاندنەوە. دیارە لە وتاری «نۆســتالۆژیای داگیرکراوان»دا هێمایەکم بەم «خۆوێرانکردن»ە کــردووە. ڕەنگە بتوانین بێژین لەدەســتدانی ڕابردوو و هیواکانی و نەمانی هیچ ئاسۆیەک بۆ داهاتوو ئەم «خۆوێرانکردن»ە بەرهەم بهێنێت. لە «نیهیلیزمی کۆمەڵایەتی»دا مەبەست ئەوە نییە کە هەموو تایبەتمەندییەکانی «نیهیلیزمی فەلسەفی» هەن و کۆمەڵگە وەک «فەیلەسووف» پەی بە بێهوودەیی پێوەندییەکانی «هۆ»(علة) و «بەرهــۆ» (معلــول) دەبــات و بنبەســتی پرسیاری ئاکامی جیهان تووشی «هیچێتی» و «پووچێتیی» دەکات. بەپێچەوانەوە نیهیلیزمی کۆمەڵایەتــی پێوەندیی بە دەرۆوەســتنەهاتنی کەتوار و گیرۆدەبوون بــە کەتوارێکەوە هەیە کــە جڤاک ناتوانێت خۆی لێــی قوتار بکات. بەم مانایە کە ناتوانێت لە دەســت سیستمی سیاســی و ئابووری هەڵبێت یــان بیگۆڕێت. «دۆشدامان» هەســتی «هیچێتی» لای مرۆڤ دروســت دەکات، نەک هەستی پەیبردن بە «هیچێتیی بوون» بەڵکو هەســتی پەیبردن بە



«هیچێتیی خۆ» کە دواجار «بەخۆداشکانەوە» لە ناخدا چێ دەکات و «بێکردەوەیی» لە گۆڕینی چارەنووس، تایبەتمەندیی نیهیلیزمی جڤاکیی و تاکەکین.

کەی نیهیلیزمی سەرلەبەر و جڤاکی دێتە پێشەوە؛ نیچەگوتەنی، ئەو کاتەی کە ڕۆحی سەردەم دادەمرێت، مرۆڤانی بوودەڵە کڕنۆشی بۆ دەبەن؛ «پەتباز» نوێنەری ئەم ڕۆحی سەردەمەیە. «پەت پەتێن» کاری کابرای پەتبازە! سیاسەتێک کە ئەم پەتبازە بەڕێوەی دەبات لەسەر بنەمای «بێبەهاکردنی گشت بەهاکان» هەڵنراوە. پەتباز، نە لەسەر زەوییە و نە لە ئاسمان. پەتباز، نە زەوی ئاوەدان و نە ئاسمان ڕووناک دەکاتەوە؛ پەتباز، لەسەر پەتێک پەت پەتێن دەکات کە چاوانی واقوڕماوی حەشامات بە خۆیەوە خەریک دەکات! خەڵک ڕادەهێنرێت کە هەمیشە ئەم پرسیارە بکات، ئاخۆ پەتباز کەی دەکەوێتە خوارەوە؟ بەڵام لەڕاستیدا پەت و پەتباز هەر لە بنەڕەتەوە ڕێک کەوتوون وا لە خەڵک بکەن کە چارەنووسی خۆیان بەو کەوتنەخوارەوەیە ببەستنەوە. «داکەوتن»(سقوط)ێک کە دوایین مرۆڤ دەخاتەوە نێو حەشامات و لە پاش ئەو داکەوتنە خەڵک لەبەر ئەوەی لەنێو ئەو «داکەوتن»ەدا دەژین، ناچارن «پەت» و «پەتباز»ێکی دیکە بخوڵقێنن، چونکە ناتوانن لە ڕۆحی مردووی هاوچەرخ خۆیان ڕزگار بکەن. ئەم «چاو»ە کە ڕاهاتووە هەمیشە بۆ ڕزگارکردنی خۆی چاوەڕوانی داکەوتنی پەتباز بێت، گیرۆدەی چارەنووسباوەڕییە و وردە وردە «هیچێتیی» ئەم چاوەڕوانییەی بۆ دەر دەکەوێت و دواجار بەو «داکەوتن»ە ڕازی دەبێت. تەنانەت «پەتباز» ناتوانێت جارێکی دیکە بە پەت پەتێنی خۆی سەرقاڵیان بکات. خەڵک سەری خۆی دادەخات و وەکو «کرم لە جیهانی ژێرزەمینی و تاریک و شێداری خۆیدا» تەنیا بیر لە گڵخۆرکێی خۆی دەکاتەوە! بە گوتەی نیچە، تەنیا لەو دەمەدایە «زەردەشت» بە پەیامی سەرهەڵدانی «کەڵەمرۆڤ» کۆتایی بە بازنەی پاتەوپاتی «پەتباز» دەهێنێت. وەک بڵێی «کەڵەمرۆڤ» دێت تا کۆتایی بە دوایین مرۆڤ بهێنێت، چونکە ئیدی شایانی ڕزگارکردن نییە. ئەو لە سیاچاڵی نیهیلیزمدا کە هەمان «داکەوتن»ە داڕزیوە. تەنیا «کەڵەمرۆڤ» دەتوانێت جیهانی داڕزیوی هاوچەرخ، واتە جیهانی «پەتباز» وەربگۆڕێت کە تێیدا کەڵەمرۆڤان بخوڵقێن و بە بێ ئەم مرۆڤە نوێیانە جیهانی نوێ ناخوڵقێت.

ڕەنگە دارستان، لە «وەهای گوت



زەردەشت»دا هەمان نیهیلیزم بێت. «دارستان ناوچەیەکە کە تێیدا هەموو جیاوازییەکان دەسڕدرێنەوە یان دەڕەوێنەوە. خۆراک بە هیچ کەس مەدە، یان ئەگەر دەیدەی بە هەمووانی بدە؛ زەردەشت بە یەکەمین کابرای دوورەپەرێز شتێکی نەدا و هیچیشی لە دووەمین کەس وەرنەدەگرت و بێ ئەوەی شتێکیش بخوات ئەو بەجێدەهێڵێت. شۆڕشەکان یان دروستکردنی زنجیرەپلەکان [لە پێگەی مرۆڤان]، لە شارەکاندا ڕوو دەدات؛ پەیامنامەکانیش لە شارەکان جێبەجێ دەکرێن، هەرچەند ئیلهامەکان و دیناوەکان(مکاشفات) لە لووتکەی چیاکانەوە ڕوو دەدەن. کە وابوو ئەی لە دارستانەکاندا چی ڕوو دەدات؟ هیچ! بەڵام جیاوازییەک لەنێوان ئەم دوو دوورەپەرێزەدا هەیە. یەکەمیان بڕوای بە خودا هەبوو و ڕووی لە مرۆڤایەتی وەردەگێڕا، بەڵام دووەمیان نە ئیماندار و نە خودانەناس؛ ئەو تەنیا خۆراک دابەش دەکات. ڕەنگە دوورەپەرێزی یەکەم سیمبۆلی گەندەڵیی مەسیحایەتی بێت و دووەمیان هەڵگری مانایەکی دنیایی یان سیاسی بێت؛ دارزیویی بەرهەمهاتووی یەکسانیخوازی یان دیمۆکراسی».[١٢]

شۆڕشگێڕان لە چیاوە سەرچاوەی «ئیلهام و دیناوەکان» بوون؛ پەیامەکانی ئازادی لە لووتکەی چیاکانەوە بە پێدەشتەکان و پاشان بە شارەکان دەگەیشت. کاتێک کە خاوەنی ئیلهام و دیناوەکان دێنەوە شار، وارسکە سەرکوتکراوەکان بەسەریاندا زاڵ دەبن. دەبن بە «تێرنەخۆرە»، بۆ شاردنەوەی تێرنەخۆریی خۆیان، ناچارن ببن بە «پەتباز». پەتباز، لەنێوان ئاسمان و زەویدا پەتبازی دەکات، ئەم پەتبازییە بۆ ئەوەیە پەیامێکی ساختە بە مرۆڤان بدرێت. چاوانی چاوەڕوان (خەڵک) دەیانهەوێت بزانن کە «پەتباز» - شۆڕشگێڕی دوێنی و سیاسیی ئێستا - کە گوایە خۆی خستووەتە مەترسیی کەوتنە خوارەوە، خەڵکی تەماشاوان تووشی خۆتەڵقینکردن دەکات؛ گوایە کابرای پەتباز خەریکە پەیامە نوێیەکان لە ئاسمانەوە دەهێنێتە سەر زەوی. پەتباز، نوێنەری لەچاوەڕوانیهێشتنەوەیە؛ تا ئەو دەمەی کە چاوانی چاوەڕوان ڕوویان لەوە ئەو دەتوانێت زەوی هەڵلووشێت، تاڵانی زەوی و داگیرکردنی ژیانی دنیایی لەو کاتەی کە خەڵکی ساویلکە بەتەمای داگرتنی بەهەشتن لە لایەن پەتبازە. پەتباز، نوێنەری «هەڵپەسێران»ە؛ هەڵپەسێرانی شار و فەرهەنگی شار! پەتباز، بیروهۆشی خەڵک

لەنێوان ئاســـمان و زەویدا دووکەرت دەکات! دۆخی چاوەڕوانی، دۆخی هەڵپەسێرانە. وردە وردە خەڵک بێهیوا و ماندوو، کاتێک بە هۆش خۆیان دێنەوە، دەبینن شـــارەکانیان بوونەتە «دارستان». دارستان ئەو شوێنەیە کە «هەموو جیاوازییەکان دەســـڕدرێنەوە و دەڕەوێنەوە»؛ دارستان شوێنی بێبەهابوونی هەموو بەهاکانە. بەهێـــزەکان ڕاو دەکـــەن و لاوازەکان خۆیان دەشارنەوە. «بەکرمبوون»، واتە «ژیانی شێداری ژێرزەمینی و گڵخۆرکێ»؛ ئەم ژیانە شـــێدارە قایلبوونێکی ترســـنۆکانەیە کـــە بە ئیمانێکی ســـاختەوە «تاکی کۆمەڵایەتی» داگیر دەکات. ئەم مرۆڤە لاوازە پڕە لە ڕق، بەڵام ترســـنۆک، پڕە لە چاوچنۆکی و پڕە لە چەپاندنی ئارەزوو و لە هەمان کاتدا بێ ئەوەی ڕووناکیی ئیمان لە ڕوخســـاریدا ببینرێت، گوایە پڕە لە ئیمان! دووڕوو، چڵێس، پڕکینە هاوکات ترســـنۆک و لێبووک و لە کۆتاییدا دەبێت بە مار! ئەوەندە زەمینی دەبێتەوە کە توانـــای بیرکردنەوە لە ئاســـمانی (جیهانی بەها نوێیەکان) نامێنێت. زیرەکە لە خۆحەشاردان و پێوەدانda! لە جیهانی ژێرزەمینیی خۆیدا خەریکی مشـــکخواردن و کەرویشـــکخواردنە! لاوازترینەکان، هەمیشـــە لاوازترینەکان دەخۆن!

ئەو جڤاک و جڤاتانـــەی کە «کەڵکەڵەی هزری»یان نییە هیچکات تووشی «نیهیلیزمی فەلسەفی» یان نیهیلیزمی ڕەها» نابن. تەنانەت باسکردن لەوەی کە کۆمەڵگەیەک سەرلەبەر بکەوێتـــە دۆخێکـــی نیهیلیســـتی — بە مانا فەلسەفییەکەی — هەروەک گوتمان بێمانایە. ئـــەو دۆخەی کـــە دەتوانین بـــە «نیهیلیزمی کۆمەڵایەتـــی» ناودێری بکەیـــن، هەڵهاتن لە کەتواری سیاســـی - کۆمەڵایەتییە؛ بێباکی و دۆشدامان و هەڵپەسێران. هیچ کۆمەڵگەیەک شـــک نابەین کـــە بەتەواوەتی لـــە جیهانی هـــزری میتافیزیکی و ئایینی و یەزدنناســـانە و ســـەرچاوەی بێئومێـــدی و دامـــاوی و سەرگەردانی و هەڵپەسێردران و بنبەستەکەی فەلســـەفییانە بێت! ئەگەر وەها بانگەشەیەک بکەین، سەرلەبەری ئەم وتارە دەبێتە هاتەران و پاتەران! بارودۆخی جەنگ، شەڕی نێوخۆیی، ســـتەمکاریی سیاســـی و نالەباریـــی ئابووری و جڤاکـــی و فەرهەنگی بۆشـــاییەکی واتایی دروست دەکەن کە تێکڕای ژیانی کۆمەڵایەتی بێمانـــا دەکەن. کـــە وابوو ئەگـــەر نیهیلیزم تەنیـــا بە نەمانی «ئاکامناســـییەکی بوونەکی» لێک بدەینەوە، لـــەو دۆخەدا نیهیلیزممان بە حاڵەتێکـــی تاکێکی بیرمەند لێـــک داوەتەوە کە لەنەکاو پەی بـــە پووچیی «بوون» دەبات و ئیـــدی لـــە وەهـــا دۆخێکدا باســـکردن لە «نیهیلیزمـــی کۆمەڵایەتی» نابەجێیە. هەڵبەت نیهیلیزمی کۆمەڵایەتی «نیهیلیزمی هەمەکی» نییە و هەندەکییە؛ واتە بەشێوەیەکی هەمەکی سیســـتمی باوەڕەکان ناگرێتەوە، بەڵام هەموو سیستمی کەتوار دەگرێتەوە.

سەیروســـەمەرەی کەتـــواری باشـــووری کوردســـتان لەوەدایـــە کە بێ ئـــەوەی لەنێو مودێرنیتەدا جێیەکـــت هەبێت، لە گەمارۆی کۆمپانیاکاندایـــت؛ بێ ئەوەی هیچ شـــتێک لەبارەی ئەلکترۆنیـــک و دیجیتاڵ بزانیت بە ئەلکترۆنیک و دیجیتـــاڵ دەورە دراویت؛ بێ ئـــەوەی هیچ شـــتێک لەبـــارەی فەرهەنگی ڕیکلام بزانیت بە ڕیکلام داپۆشـــراویت و بێ ئـــەوەی هیچ شـــتێکی خۆتت بۆ نیشـــاندان لە میدیـــادا هەبێت، پـــڕی لـــە ڕاگەیاندنی سەمەرەی نامۆ کە لەجێی بەستنەوەی کورد بە «کەتواری فەرهەنگی - سیاســـیی» خۆی، کورد بە بەدەرلەخۆی دەبەســـتێتەوە. نامۆیی بـــە ژینگە و نامۆیـــی بە هونـــەری خۆماڵی، دوورکەوتنـــەوە لە بەرهەمهێنانـــی خۆماڵی، دەســـکاریکردنی چەشەی خۆراکی و شێوانی سیســـتمی خـــۆراک، نامۆیـــی بـــە هونەری تەلارسازی لە شـــاردا، تەنانەت دارودرەختی نامۆ بە جوگرافیای سروشـــتیی کوردســـتان لە شـــارەکاندا، مەترســـییەکانی سیســـتمی خۆراک کە ترسێکی هەمیشەیی تووشبوون

بە نەخۆشـــییە جەســـتەییەکانی لـــە ناخی هاوولاتیدا چاندووە کە ئەوەش ناسەقامگیریی دەروونیی دروست کردووە. ترسی هەمیشەیی لـــە هەڵوەشـــاندنەوەی قەوارەی سیاســـی لە لایەک و نەمانی داهاتوویەکی روون لە پەنای لەدەســـتدانی رابردوو! تەنانەت گۆڕانی فۆرمی دینداریـــی کۆمەڵگـــەی کـــوردی و هێنانی فۆرمێک لە ئایینداری کە ژیان و پەروەردەی ئایینیـــی ســـەدان ســـاڵەی حوجـــرە ڕەت دەکاتـــەوە! هەموو ئەمانـــە، دڵەڕاوکێ، ترس، هاوکات بێباکی و چارەنووسگەراییان تەشەنە داوە و لێکەوتەی ســـەرەکیی ئەم دیاردانە بە «بێکردەوەیی» و «دۆشدامان» دەگات.

بێمتمانەیی بە ئۆرگانیزاسیۆنی دەسەڵات و نەمانـــی دادپەروەریـــی کۆمەڵایەتـــی و لەکارکەوتنی دادگا، ڕۆژنامەگەری و بەگشتی ڕەوتـــی بڵاوبوونەوەی زانیـــاری لە لایەک و گەمەی نیوەی ڕاســـت و نیوەی درۆی تۆڕی مەجازیی ئینتەرنێت و هەڵکشـــانی ورووژانی ئیرۆتیـــک و ســـێکس لە جیهانـــی مەجازی و ســـەرکوتی وارســـکە و حەزە جەستەیی و ڕۆحییـــەکان لـــە جیهانی ڕاســـتەقینەدا، لە لایەکی دیکەوە تەشـــەنەیان بـــە جۆرێک لە «گرگنیـــی کۆمەڵایەتی» داوە. بـــەو مانایەی «بێزەون» ئەو شـــتەیە کـــە نابێ باس بکرێت، بـــەڵام ئەو شـــتەیە کە هەمـــووان بەنهێنی خۆیانی پێوە خەریک دەکەن. دووکەرتبوونی ویژدانی کەســـی لەنێـــوان جیهانی مەجازی و ڕاســـتەقینەدا وەها تەشـــەنەی کردووە کە مشتەری جنێو بە مشتەری دەدات! لەکاتێکدا هەموویان لای یەک «کریـــار» کاڵای خۆیان دەکڕن!

دۆخـــی نایەکانگیریـــی جوگرافیایـــی لە کوردســـتاندا کە هەم هۆی نێوخۆیی و هەم هـــۆی دەرەکیی هەیـــە و تێکەڵنەبوونی ئەم جوگرافیایـــە کاریگەرییەکـــی زۆری لەســـەر برەوی ناوچەگەری داناوە کە سیاسییەکانیش جاروبار لە ململانێ سیاســـییەکاندا بەکاریان هێناوە. ئەنفال کاریگەرییەکی کۆمەڵایەتی — دەروونناسانەی کارەســـاتباری لەسەر ڕۆحی مرۆڤی کورد لەم پارچەیەی کوردســـتان دانا. پاش ڕاپەرینیش شـــەڕی نێوخۆیی بەشـــێک لە خەڵکی لەگەڵ بەشـــێکی دیکەی خەڵک بەرەنگار کـــردەوە. تەنانەت پاش کۆتایی ئەم شـــەڕە نێوخۆییە، بنەماڵەکان نەیانتوانی لەو خوێنـــە بەفیڕۆدراوە خۆش ببـــن و بە هۆی پێکهاتـــەی خێڵەکیی حەشـــیمەتی هەرێم، دوژمنـــکاری و تۆڵەســـەندنەوە، قەڵەمـــڕەوە نێوخۆییەکانی جوگرافیـــای زەق کردەوە کە بەندە بـــە «دێگەڵەی زەینی» ناودێرم کردووە. لایەنگریـــی دەمارگیرانـــەی ئەندامانی حزبە سیاســـییەکان، گەلێ جـــار دەگوازرێتەوە بۆ نێـــو کایەی کۆمەڵایەتـــی و تەنانەت زیانیش بە خزمایەتییەکان دەگەیەنێت. ناسەقامگیریی سیاســـی بووەتـــە مایـــەی ئەوە کـــە هەموو جارێک لە زاری بەرپرسێکی سیاسی زاراوەی «ئاشـــتیی کۆمەڵایەتی» ببیستین؛ واتە هەموو جارێک تێکدانی ئاشتیی کۆمەڵایەتی دەبێتە ناتۆرەیـــەک بۆ ئەو کەســـانەی کە ڕەخنە لە زیادەڕۆییـــەکان لەبـــارەی مافێکـــی زیادە بۆ لایەنێـــک یـــان پێکهاتە یـــان کەمینەیەک دەگرن. ئەم حاڵەتە بەرەبەرە کابرای ڕەخنەگر ناچار بە «خۆسانسۆرکردن» دەکات، چونکە بەر پەلاماری میدیایەکی ئاراســـتەکراو دەکەوێت. لە وەها دۆخێکدا توێژێکی جڤاکی هەست بە بێدەرەتانی دەکات و قســـەی هەڵپەسێردراو دەبێتە هۆی «بەخۆداشکانەوە» و هەستکردن بـــە پەراوێزخـــران یەکێک لـــە هۆکارەکانی کەڵەکەبوونی «قینی شاراوە»یە. بەگژداچوونی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەیە کە کۆدەنگیی سیاسیی پەک خســـتووە. هەر هێز و ڕێکخراوێکی سیاســـی کە دادەمەزرێت، دەبێت بە بەشێک لە کێشە نەک چارەســـەر. هەر بۆیـــە بێهیوابوون لە چاکسازیی سیاسی، ئاسۆکانی داهاتووی ژیانی کۆمەڵگەی تاریک کردووە.

بێجگە لە نەهامەتیی ئابووری و سیاسی، ڕەنگە یەکێک لە هۆکارە گەورەکانی بەخۆداشکانەوە و ورەبەردانی کورد، کە دەتوانین بە سیاسەتی چاوشۆڕکردن ناودێری بکەین، ئەو کەوتنە بەر پێلەقەی وڵاتانی دەوروبەر بەتایبەتی تورکیا و ئێرانە کە سنووربەزاندنەکەیان هاوکاتە لەگەڵ ساخکردنەوەی کاڵاکانیان لەم هەرێمەدا؛ واتە چەکی کوتەک و نان! ئەم حاڵەتە لە ناخەوە هەستی «بەکرمبوون» لە ناخی مرۆڤدا دروست دەکات کە ژیانی ژێرزەمینی و شێداری ژێر خاک هەڵدەبژێرێت و ناتوانێت تەنانەت لەسەر زەویی نیشتمانی خۆی، هەست بە «ئازادی» بکات لەکاتێکدا لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی خۆماڵیدا گوایە ئازادە!

بەدەر لە ڕەهەندی بووناسانە و فەلسەفیی نیهیلیزم لە باوەڕدا، دەتوانین تێکڕای نیشانەکانی نیهیلیزم لە ناخ و ڕەفتاری مرۆڤی کورد لەم پارچەیەی کوردستاندا ببینین. «پووچی»، «دۆشدامان»، «هەڵهاتن لە کەتوار» کە خۆی لە هەڵهاتن لە بەرپرسایەتیدا دەبینێتەوە، بێکردەوەیی و ناکارایی و کارتێکراوی و «هەڵپەسێردران لەنێوان ئێستا و داهاتوو» (لەنێوان دوو هیچدا)، ڕق و کینەی کەڵەکەکراو، دینداریيەکی نابەرپرسیار بەرانبەر بە دنیا و دەوروبەر، چارەنووسگەرایی - بەبێ پەیڕەویکردن لە هیچ ڕێبازێکی پێوەندیدار بەم بابەتەوە - هاوکات لە هەمووی سەیرتر، چێژخوازی و ماددیگەراییەکی چڵێس لە تەنیشت دینداریيەکی ڕواڵەتی بە بێ قووڵایی عیرفانی، هەندێ جار وامان لێدەکات کە لە ناودێرکردنی سەردەمەکە بە سەردەمێکی پووچگەرایانە خۆمان ببوێرین؛ هۆیەکەش لێکچوونی هاوکات و ناکۆکیی زەقی دیاردەیەکە کە ئێمە دەمانهەوێت بە نیهیلیزم ناودێری بکەین. سەرەڕای ئەم ناکۆکییەی نێوان کەتوار و پێناسە، هەروەک گوتمان، نیشانەناسیی نیهیلیزم هانمان دەدات کە بێژین جۆرێک لە هیچگەرایی لە کۆمەڵگەدا بەدی دەکرێت. هەڵبەت ئەوەی کە نابینرێت لایەنی بنیاتنەرانەی نیهیلیزمە کە ئەویش بریتییە لە یاخیبوون لە زۆرەملێی سەردەم. واتە «ئەوەی کە دەئافرێنێت دەبێ پێشتر فێری وێرانکردن ببێت!»

## کەمتەرخەمیی سیاسی

کردەی سیاسی، کردەیەکە بۆ گۆڕینی دەوروبەر و ژینگە و دۆخی هەبوونی مرۆڤ لەپێناو دەستنیشانکردنی چارەنووسی خودی مرۆڤدا. کردەی سیاسی بە پەیڕەوی لە جیهانناسی و ئایدیۆلۆژیا و ڕێبازێکی سیاسی، لەپێناو «جیهانناسازی»دایە. کردەی سیاسی دەتوانێت دەرخەری کارەکتەری سیاسی بێت. دەرخەری ئاوات و ئارەزووەکان و سیستمێک کە لەو چوارچێوەیەدا ژیانی سیاسیی فەرهەنگێک دەر دەخات. «سیاسەت» وەک نوێنەری «فەرهەنگ»، لە نواندنی کردەی سیاسیدا دەبێ ئەو جۆگرافیا سیاسییە دەستنیشان بکات و بیپارێزێت کە فەزای ژیانی فەرهەنگیی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوە کە لە چوارچێوەی دەوڵەتدا بە «نەتەوە» دەناسرێت. لە وێنەیەکی بچووککراوەی دەسەڵاتیشدا نوێنەرایەتیی سیاسی دەتوانێت ئەم ئەرکە لە ئەستۆی خۆی بگرێت. بە بڕوای من کاری سیاسی لە خۆیدا دەتوانێت ئامانجێک دروست بکات؛ مانایەک بخوڵقێنێت کە تەنانەت ئەگەر باوەڕێکی میتافیزیکی یان ئایینیشمان نەبێت، باوەڕێکمان بۆ بخوڵقێنێت کە ئەم باوەڕە لە دەستنیشانکردنی ئایدیای سیاسیدا دەئافرێنرێت. ئەو جیهانەی کە دەبێ دروستی بکەین و ئەو مانایەی کە دەبێ بە هەبوونی مرۆییانەی خۆمانی ببەخشین، لە خۆیدا کردەیەکی سیاسییە. نیهیلیزمی کۆمەڵایەتی بەرەنجامی هەرەسهێنانی سیاسەتە. چونکە بە تێکچوونی سیاسەت هەموو شتێک تێک دەچێت. سەقامگیریی فەرهەنگ و زمان و

پێوەندییە ئابوورییەکان و خاوەندارێتیی جوگرافیا لەنێو دەچێت. بێسەقامیی مرۆڤ لە شوێندا، ترس و دڵەڕاوکێ و هەستکردن بە نەبوونی ئاسایشی هزری و دەروونی دەنێتەوە کە ئاسۆکانی داهاتوو دەسڕێتەوە. ئەگەر سیستمێکی باوەڕی میتافیزیکی و ئایینی لە پێوار(غیاب)ی سیاسەتدا نەبێت، ئەمە بە نیهیلیزمی هەمەکی دەگات و ئەگەریش هەبێت نیهیلیزمێکی هەندەکیی کۆمەڵایەتی چێ دەکات کە لایەنە تێکدەرەکەی کەمتر لە لایەنە تێکدەرەکانی نیهیلیزمی هەمەکی نییە. زەمینی وێران(ناسووت) بە ئاسمانی ئاوەدان(لاهووت) بەڕێوە ناچێت. بەشێکی زۆری نیهیلیزم لە وڵاتانی ئیسلامیدا لە سەدەکانی ڕابردوو «هەندەکی» بووە؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەرییە وێرانکەرەکەی لە چوارچێوەی «سۆفیگەری»، «دەروێشایەتی»، «نازانمێتی ڕەچەیی» (لاادریة)و... هتد، ڕەنگی داوەتەوە. هەر ئەم ڕەوشە بەشێوەیەکی دیکە لەم هەرێمەدا بەدی دەکرێت، هەرچەند بەشێوەیەکی ئاڵۆزتر و شێواوترا!

ستەمکاریی سیاسی، هۆکاری سەرەکیی نەمانی بەشداریی سیاسیی کۆمەڵگەیە. دەستەبژێرێکی سیاسی لە چوارچێوەی خێڵەکی و ئۆلیگارشی یان بە شێوەی جیاوازتر، کردەی سیاسی قۆرخ دەکەن. قۆرخی کردەی سیاسی، بەشداریی سیاسی بە لانیکەمی خۆی دەگەیەنێت و لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵە قارچکێکی سیاسی زوو زوو سەرهەڵدەدەن، بەڵام زیاتر لە لێبووکی سوڵتان دەچن تا هێزی سیاسی. «پەتباز» تاکە کارەکتەرێکی سیاسییە کە گەمەی خۆی دەکات، بەڵام وەک جاران چاوی چاوەڕوانی خەڵک تەماشای ناکات، هەمووان سەریان داخستووە و بە ژیانی کرمئاسای خۆیانەوە خەریکن. لە بێدەنگیی خۆیاندا خەریکی گڵخۆرکێن. تەنانەت وەک جاران سەیری ئاسمان (لاهووت) ناکەن و وەک «خانا»یش پرسیاری بوێرانە لەو خودایە ناکەن کە ئاخۆ بۆچی بووەتە پارێزەری «پەتباز»! فەرمانەکانی دین جێبەجێ دەکەن و لەسەر جێبەجێنەکردنی فەرمان یەکدی بە کوفر تۆمەتبار دەکەن و شەڕی کۆمەڵگە بە دژی کۆمەڵگە بە بێ باروت و خوێن هەڵگیرساوە

لاوازبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی و پاشەکشێی ڕەوتی ڕووناکبیری، بووە مایەی پاشەکشێی ڕەوتی ڕەخنەی سیاسییش. ڕەخنە لە گۆڕەپانی گشتیدا ئەگەرچی سەرئێشەی بۆ سیاسییەکان دروست دەکرد، بەڵام هیوای گۆڕانکاریی لە دڵی کۆمەڵانی خەڵکدا بەزیندوویی دەهێشتەوە. ئەرکی ڕووناکبیر ئەوە بوو پێمان بڵێت «پاشامان ڕووتە»!(ڕاستی لە منداڵانەوە ببیستە: ویژدانی پاک و بوێر!) ئەم لەقاودانە هەرچەند دەسەڵاتی سیاسیی بێزار دەکرد بەڵام بوێریی سیاسیی کۆمەڵگەی نیشان دەدا و بە کردەیەکی سیاسی لەقەڵەم دەدرا. لە پرۆژەی ڕەهەند بەملاوە، بۆ ساڵانێک گفتوگۆ و مشتومڕ لە مەیدانی ڕەخنەی گشتیدا برەوی سەند. مەشقێکی هزریی بەسوود بوو – وێڕای هەڵەکان – کە خۆراکی هزریی بۆ خوێنەران و توێژی خامەبەدەستان دابین دەکرد. زاڵبوونی «من منۆکێ»(ئیگۆییزم) وردە وردە بووە مایەی لەبەریەکهەڵوەشانی دەستەی ڕەهەند کە ئەندامانی تا ئێستاش یەکدی تۆمەتبار دەکەن. ئەمە زیانێکی زۆری لە کاری هەرەوەزیی ڕووناکبیری دا کە دواتر لەجێی گفتوگۆی لایەنگران، «شەڕی لایەنگران» مەیدانی گشتیی ڕەخنەی ژەهراوی کرد.

دواتر بازاڕی کڕین و فرۆشتنی ڕووناکبیران و ئەم چڵ و ئەو چڵکردن لە میدیا و ڕاگەیاندنی حزبە سیاسییەکان، لایەنێکی دیکەی پاشەکشێی ڕەخنە لە مەیدانی گشتیی کۆمەڵگە بوون.

نالەباریی باری داراییی ڕۆژنامە و گۆڤاری کاغەزین، بڵاوکراوەکانی تێکەوەپێچا

و تەنیا ڕۆژنامە و گۆڤاری زمانحاڵی حزبی سیاسیی لە گۆڕەپانەکەدا هێشتەوە کە لەبەر نەمانی ڕەخنە لە مەیدانی گشتیدا، ئەوانیش خوێنەریان گەیشتە کەمترین ئاستی خۆی. هۆیەکەش تاکدەنگییەک بوو کە بە شێوازی تەڵقینکردن لەگەڵ کۆمەڵگە دەدوا.

نۆرە گەیشتە فەزای مەجازیی دیار و نادیار کە بوون بە ئامرازی شەڕێکی دەروونی لە کۆمەڵگەدا. وەک «شوانە درۆزنە» بێمتمانەیی بە هەواڵ و ڕاپۆرت، تەشەنەی بە دۆخی بێئاگایی دەدا. هەواڵنێران و پەیامنێرانی تۆڕی مەجازیی وەک «فەیسبووک» هەزاران دەزگای پڕوپاگەندەی کەسی بوون کە لەجێی ڕۆشنگەری، شێواوییان نایەوە. مانشێتی بێمانای «هەواڵی بەپەلە» دەرخەری «پەلەی ژیان»ێک بوو کە چی دیکە هەڵنەدەسوورا! بێمانایی تەشەنەی سەند و هیچ شتێک بە ڕژدی نەمایەوە. لەشکری ڕووناکبیران و دەستەبژێرانی کردراو و فرۆشراو لە میدیای فەرمیی دەسەڵاتدا دەر دەکەوتن؛ بوون بە شرۆڤەکار و ڕۆشنگەری ئامارە دەسکردەکان و پاڵەوانی ساختەی گێڕانەوەی فەرمیی میدیا کە بە نەمانی فەزای گشتیی ڕەخنە، بە ناوی دیمۆکراسییەوە نوێنەری تاکدەنگی بوون!

«نەمانی ڕژدی»، ڕۆحی تەوس و پلار و جنێو و پێڕابواردن و تەنزی نابەرپرسانەی لە تۆڕی مەجازیدا بڵاو کردەوە. چەشنی سەردەمە کۆنەکان، کەسانێک کە نەیاندەویست لەو زەلکاوەدا پیس ببن، بوونەوە بە «سۆفی» و «خەڵوەکێش» و پەراوێزنشین کران. لەشکرێک لە هەواڵنێر و شرۆڤەکار و یوتۆبێر و فاڵچی و جادووگەر لە لاپەڕە نادیارەکانەوە، ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگەیان داگیر کرد. ئەگەر نیهیلیزم بە «بۆشایی» و «بێمانایی» وەربگێڕین، ئەمە ئەو فەزایەیە کە لە ئێستادا کۆمەڵگەی ئەم بەشەی کوردستان تێی کەوتووە. بەرپرسی سەرەکیی ئەم دۆخە، نالەباریی دۆخی سیاسی و کردەی سیاسییە کە لایەنەکانی دیکەی ژیانی تووشی «بنبەست» کردووە.

دۆخێکی نیهیلیستی نەک ڕەوتێکی نیهیلیستی؛ پووچێتی و هیچێتییەک کە تێیدا دەژین، بەڵام لێی تێی نەگەیشتووین و پێناسەمان نەکردووە! لەم ڕوانگەوە دەتوانین بێژین نیشانەکان هەموویان هەن، بەڵام ڕەوتێک نییە کە یاخیبوون بەرهەم بهێنێت. « دۆخی سیزیفی»، چەقیو لە پاتەوپاتکردنەوەدا. تلۆربوونەوە و هەڵزنینی بەردەوام و بێئاکام! ئەم دۆخە کەسێکی دەوێت بچێتە نێو تونێلە تاریکەکە و چرایەک هەڵبگیرسێنێت؛ لە دەرەوەی تونێلەکە تەنیا پاتەوپات و بێهوودەیی لە ئارادایە! هەرچەند ئەوپەڕی تونێلەکە نابینرێت، بەڵام «زاڵبوون» بەسەر ئەم دۆخە نادیارەدا، تەنیا بە چوونە نێو تونێل یان ئەو سیاچاڵە دێتە دی.

## پەراوێزەکان

1. «Friedrich Heinrich Jacobi». Stanford Encyclod pedia of Philosophy.

٢ . نولن گرتز، نیهیلیسم، ت. تورج حوری، انتشارات مازیار، ١٣٩٩، ص ١٠.

٣ . آلبر کامو، کالیگولا، ترجمە: پری صابری، چاپ یازدهم، ١٣٨٩، نشر قطره، ص ٥٢.

٤ . ارشد عباسی، (وتاری( اگزیستانسیالیزم، اومانیسم، نیهیلیسم، ماڵپەڕی: «عقل سرخ».

٥ . هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٦ . زانستگەراییScientism . ڕوانگەیەکی فەلسەفییە کە مێتۆدی زانستە سروشتییەکان لە هەموو مێتۆدەکانی دیکە بە سەرتر دەزانێت. زانستگەرایی بە واتای پێویستیی باوەڕهێنان بە تەوەرێتیی زانستە ئەزموونییەکان و مێتۆدی ئەزموونی لە هەموو بوار و کاروبارەکانی ژیاندا.

٧ . فیاض زاهد، پست مدرنیسم و تأثیر نهیلیسم بر آن، (وتار)، ١٣٩١، لا ٢.

٨ . هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٩ . نیچە، اراده قدرت. ترجمە: د. مجید شریف، تهران، انتشارات جامی، چاپ سوم، ١٣٨٣، ص ٢٣.

١٠ . خانای قوبادی، دیوانی خانای قوبادی، حەوت تەرجیعبەند، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی کاروان عوسمان خەیات، سنە، نشر شوان، چاپی یەکەم، ٢٠١٦.

١١ . فاتیح عیزەدین، زەمانی بزربوو، چاپخانەی کارۆ، چاپی سێیەم، ٢٠٢٠، سلێمانی، لا ١٨٠.

١٢ . استنلی روزن، نقاب روشنگری، زرتشت نیچە، ت. داریوش نوری، نشر مرکز، چاپ اول، ١٣٨٩، تهران، ص ١٣٤.